# لاإلەإلااللّٰە

## (مەرجەکانی) و (هەڵوەشێنەرەوەکانی)

ئامادەکردنی
کێوان موحەمەد هەورامی
خوا بە شەهید وەریبگرێت

بسم الله الرحمن الرحیم

# پێشەكی

ئاشكرایە لای موسڵمانان كە یەكەم شتێك ئینسانی كافری پێ موسڵمان دەبێت بریتیە لە ووتنی ووشەی توحید (لااله الاالله  محمد رسول الله) لەبەرئەوە یەكەم شتێكە دەبێت لە ئیسلامدا گرنگیەكی تەواوی پێبدرێت، بەلاّم بەداخەوە زۆربەی زۆری موسڵمانانی جیهان لەم ووشەی تەوحیدە (لاالەالاالله) بێئاگان وبگرە ماناكەی وەك ووشەش نازانن، جالەبەرئەوە ئینسانی موسڵمان پێویستە بزانێت ماناو مەبەستی (لاالەالاالله) چییە ؟

(لاالەالاالله) ئەو ووشەیە،كە لەسەر بنەمای ئەو ووشە خەڵك دەخرێتە بەهەشت و یان بەهۆی پشت هەڵكردن لێوەی دەچێتە دۆزەخەوە.

هەركەسێك (لاالەالاالله) نەڵێت هیچ شتێك سودی پێ ناگەیەنێ هەرچەندە نێوان زەوی و ئاسمان چاكەی هەبێت.

وە (لاالەالاالله) باشترین ووشەیە زیكرو یادی خوای گەورەی پێ كرابێت .

فیرقەو كۆمەڵە گومراكان ویستویانە ناوی (لاالەالاالله) بگۆڕن بەلاّم الحمدللە پشتیان شكاوەو ڕیسوابوون، چونكە كەس ناتوانێ شتێك بكات كەخوای گەورە ویستی لەسەر نەبێت.

بەرنامە دەستكردەكانی ئەم سەردەمەو شوێنكەوتووەكانیان وەك (علمانیەكان وشیوعیەكانو سۆشیالیستەكان .....) دەیانەوێت ووشەی (لاالەالاالله) تەنها بۆ چەند شتێكی زارەكی و زیكركردن و تەسبیحات بێت لەناو مزگەوت و بەس، بەلاّم بەپێچەوانەوە پێیان دەڵێین خوای ئێمە خوایەكە، ئەو بەرنامەی ناردوییێتی كە (قورئان)ـە دەستورە بۆ مرۆڤ ئەوەی پشتی تێ بكات كافر دەبێت و سەرگەردانی دنیاو قیامەت دەبێ، هەروەها (لاالەالاالله) كلیلی بەهەشتە.

جالەهەمووی سەیرتر ئەوەیە كافرو دووڕووەكان ئەم ووشەیە دەڵێنەوە بۆ فریودان و خەڵەتاندنی ڕۆڵەكانی ئیسلام بەلاّم پێویستە ڕۆڵەی موسڵمان زۆر هۆشیار بێت فریو نەخوات و نەیخەڵەتێنن ئەو كەسەی كە دەڵێت (لاالەالاالله) دەبێت من سەیری كردەوەی بكەم تابزانم تاچەند ڕاست دەكات لەگەڵ ئەوەی كە دەیلێت خۆ مونافیقەكانی سەردەمی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) وتویانە (لاالەالاالله) بەلاّم بێباوەڕیش بوون .

**هەنێك کەس دەبینین دەڵێت (لاالـەالااللە) بەڵام بەکردەوە دژی ئیسلامەو لەولاوە کاردەکات بۆ لەناو بردنی موسڵمانان زۆرجار جاسوسی دەکەن بەسەر موسڵمانەوەو دژی ئیسلام و قورئان کاردەکەن .**

**ئینجا خوێنەری بەڕیز ئەوە بزانە کە خوای گەورە مرۆڤ و جنۆکەی تەنها بۆ عیبادەت دروست کردووە وەك دەفەرموێت (وماخلقت الجنَّ والإنس إلا ليعبدون ) الذاريات ٥٦.**

## واتای ( لااله‌الاالله )

زۆربه‌ی زۆری زانایان له‌سه‌ر ئه‌وه‌ كۆكن كه‌ (لااله‌الاالله) واته‌ (لامعبود بحق إلاالله) واته‌ هیچ په‌رستراوێك نیه‌ به‌حه‌ق بێجگه‌ له‌خوای گه‌وره‌.

واتایه‌كیتری (لاإله‌إلاالله): ئه‌وه‌یه‌ هیچ په‌رستراوێك نیه‌ به‌حه‌ق شایسته‌ی په‌رستن بێت جگه‌ له‌خوای گه‌وره‌ په‌رستراویتر هه‌یه‌ وه‌ك (بت) كه‌ بتپه‌رسته‌كان ده‌یپه‌رستن وه‌ك مانگا په‌رست كه‌ له‌ووڵاتی هیند خه‌ڵكانێكی زۆر هه‌یه‌ مانگا ده‌په‌رستێت و قه‌ده‌غه‌یه‌ سه‌ریان ببڕن چونكه‌ لای ئه‌وان پیرۆزن !!!!!!

له‌م سه‌رده‌مه‌شدا خه‌ڵكانێك هه‌ن له‌سه‌ر دینی (دیموكراسی وشوعیه‌ت وعه‌لمانی وسۆشیالیستی و .......) چه‌ندین شتیتر شوێنی ده‌كه‌وێت و به‌گوێی ده‌كات به‌ڵام فه‌رمانه‌كانی خوا ده‌شكێنێ .

سید قوتب (رحمه‌الله) ده‌فه‌رموویێت (لاإله‌إلاالله) واته‌ (لاحاكمية إلاالله، ولاشريعة إلامن الله، ولاسلطان لأحد على أحد لأن السلطان كله من الله ) واته‌ (هیچ كه‌س مافی حوكم گێڕانی نیه‌ ته‌نها خوا نه‌بێت، هیچ شه‌ریعه‌تێك نییه‌ جگه‌ ئه‌وه‌ نه‌بێت كه‌ له‌ لایه‌ن الله‌ وه‌یه‌، وه‌هیچ كه‌س ده‌سه‌ڵاتی به‌سه‌ر كه‌سی دیكه‌دا نیه‌ چونكه‌ ده‌سه‌ڵات هه‌مووی لای خوای گه‌وره‌یه‌ )

### لاإله‌إلاالله دووبه‌شه‌ :

یه‌كه‌م / نكوڵ (نفی) ـیكردنی ئه‌وه‌ی كه‌هیچ  په‌رستراوێك هه‌بێت شایه‌نی په‌رستن و به‌ندایه‌تی بێت. وه‌ك كوفركردن به‌هه‌موو ئه‌و په‌رستراوانه‌ی خه‌ڵك ده‌یانپه‌رستن ئه‌مه‌ به‌شی یه‌كه‌می وشه‌كه‌یه‌ (لاإله‌) هیچ په‌رستراوێك نیه‌ به‌حه‌ق .

دووه‌م / چه‌سپاندن (إثبات) ی ئه‌وه‌ی كه‌هه‌ر خوای گه‌وره‌ به‌تاك و ته‌نها خۆی شایه‌نی هه‌موو به‌ندایه‌نی وپه‌رستنێكه‌ ئه‌بێ باوه‌ڕی ته‌واویشی پێی هه‌بێت ئه‌مه‌ش به‌شی دووه‌می واتاكه‌یه‌ (إلاالله) ته‌نها خوای گه‌وره‌.

ئه‌م واتایه‌ش چه‌ند ڕوونكردنه‌وه‌یه‌كی له‌سه‌ره‌:-

یەکەم / هەرکەسێك یەکێك لەو دووبەشە بەجێ بهێنێت هێشتا پێی ناوترێت بڕوادارو موسڵمان، بەڵکو کاتێك باوەڕدارە، دەبێت کافربێت وبێ بڕوابێت بەهەموو پەرستراوەکانی ترو یاساکانی ئەم سەردەمە کە بەزۆر سەپێنراون بەسەر موسڵماناندا .

خوای گەورە دەفەرموێت: (فمن یکفر بالطاغوت ویؤمن بالله فقد استمسك بالعروةالوثقى لاانفصام لها والله سمیع علیم ) واتە (جاهەر کەسێك کوفربکات بەطاغوت (پەرستنی غەیری خوا) وە ئیمان بهێنێ بەخوای گەورەی تاك و تەنها ئەوە دەستی بەپەتی نەپچراوەی خوای گەورە گرتووە کە ئاینی ئیسلامە) .

دووەم / کاتێك کە دەڵێین (لاإلـەإلاالله) لای هەندێ کەس دەڵێن هیچ خوایەك نیە جگە لە الله ئەمە هەڵەیە، بەڵکو دەبێت بوترێت هیچ پەرستراوێك نیە بەحەق شایستەی پەرستن بێت جگە لەخوای گەورە ئەم مانایە هەموو یاساکان و پەرستراوەکان و بتەکانی ئەم سەردەمەو سەردەمەکانی ڕابردوو وداهاتووش پوچەڵ دەکاتەوە، کەواتە خوایەتی تەنها مافی خوای گەورەیە بەڵام هەندێ کەس دەیانەوێت لەڕووی یاسا دانانەوە ڕوبکەینە دیموکراسی و عەلمانیەت ......، کەئەمەش خوایەتی خوا ڕەتدەکەنەوە بەم قسەو بیرو باوەڕەیان خۆ ئەگەر پێیان بڵێین کاکە تەنها خوا بۆی هەیە بەرنامەو یاسا دابنێ دەڵێت ئەو یاسایانە بۆ ئەم سەردەمە ناشێن أستغفرالله بەم وتەیان کەم وکورتی دەدەنە پاڵ خواو قورئان کە ئەمەش کوفری گەورەیە خاوەنەکەی پێ کافر دەبێت بزانێت یان نەزانێت.

سێ یەم / هەندێ کەس دەڵێن تەنها لەچەند ڕوویەکەوە دەڵێن لاإلـەإلاالله وەك (هیچ بەدیهێنەرێك نیە جگەلەخوا) یان (هیچ ڕۆزیدەرێك نیە جگە لەخوای گەورە) وە جگە لەم ووشانەو شتانێکی تریش، هەرچەندە ئەم زاراوانە تەواون بەڵام ئەمانە مانای لاإلـەإلاالله بەتەواوی نادەن بەدەستەوە چونکە موشریکینی قوڕەیش دانیان بەوەدا دەنا کەتەنها خوای گەورە ڕۆزیدەرو بەدیهێنەرە بەڵکو دەبێت بوترێت هیچ پەرستراوێك نیە شایستەی پەرستن بێت بەحەق تەنها خوای گەورە نەبێت .

چوارەم / وشەی (لاإلـەإلاالله) هەردوو جۆرەکەی تەوحیدو یەکتاپەرستی خوای تێدایە کەبریتین لە

یەکەم: یەکتایی خوا لەناسین وچەسپاندندا (توحید المعرفة والإثبات) .

دووەم: یەکتای خوا لەمەبەست و داواکردندا (توحید قصد والطلب ) .

بەکورتی (لاإلـەإلاالله) بەدووبەش:

یەکەم / (لاإلـه) واتە : نەفی هەموو پەرستراوێك کەواتە :

أ – نەفی هەموو ئەو کەسانەی حوکم بەقورئان ناکەن (إلـه) .

ب– هەموو ئەو کەسانەی خۆیان بەپەروەردگار (رب) دەزانن .

ج– هەموو ئەو کەسانەی کەبەقەد خوا خۆشدەویسترێن و کراون بەهاوبەش (نِدْ) بۆ خوای گەورە .

د– هەموو ئەو کەسانەی لـەسنوری خۆیان دەرچوون (الطواغیت) طاغوتەکان .

دووەم / داننان (إثبات) کە بریتیە (الا الله ) واتە إعترافکردن بەوەی هەرخوای گەورە شایستەی پەرستنەو بەس.کەواتە دەبێت ئێمەی موسڵمان ئەوە بزانین کەبەرنامە دانان (التشریع) ئیشی خوای گەورەیە ئیشی هیچ کەسێکیتر نیە بەڵکو ڕاستر ئەوەیە تەنها خوای گەورە بۆی هەیە بەرنامە دابڕێژێ بەلاّم لـەم ڕۆژگارانەی ئەمڕۆدا دەبینین چەند کەسێك کۆدەبنەوەو یاسا دادەنێن هەرکەس ئەو سیفەتە بداتە پاڵ خۆی و بەڕەوای بزانێت یاسا دابنێ کەپێچەوانەی قورئان و سونەت بێت ئەوە ئەو کەسە خۆی بەخوا زانیوە چونکە بەرنامە دانان و یاسا دارِشتن ئیشی خوای گەورەیە جا ئەو کەسە هەرکەسێ بێت پەرلـەمانتاربێت یان سەرۆکی ولاّت ئەوە طاغوتە نەك هەر ئەوە بەڵکو وازلـە قورئان و سونەت دەهێنن پەیرەوی بەرنامە دەستکردەکان دەکەن وەك (علـمانیەت، دیموکراتیەت ....) کە ئەم یاسایانە یاسای کوفرین هەرکەسێ پێی ڕازی بێت کافر دەبێت چونکە حوکم و بەرنامە دانان کاری خوایە هەرکەسێ بلێت وانیە ئەوە کەم وکورتی دەداتە پاڵ خوای گەورە (خوای گەورەش لـە هەمووکەم وکورتیەك بەدەرە ) خوای گەورە دەفەرموێت (إن الحكم إلا لله) واتە حوکم کردن تەنها بۆ خوایە . کەواتە بۆ هیچ زانایەکی ئیسلام یان هیچ شێخ وعولـەمایەك نیە بۆ هیچ ئەمیرێك و ڕابەرو سەرکردەیەك نیە ڕێزمان هەیە بۆ ئەم بەرێزانە لـەهەر کوێ بن و ئەو مافەشیان بەخۆیان نەداوە بەلاّم هەروەك ڕوونکردنەوەی زیاتر باسی دەکەین، بۆیان نیە بەرنامە دابرێژن ئێمەی موسڵمان تەنها ووتەمان ئەوەیەکە خوای گەورە دەفەرموێت (ماكان لمؤمن ولامؤمنة إذاقضى الله ورسوله أمرا ان يكون لهم الخيرة من أمرهم ومن يعص الله ورسوله فقد ضل ضلالا مبينا) الأحزاب ٣٦ .

واتە: بۆ هیچ پیاوو ئافرەتێکی باوەڕدار نیە کاتێ خواو پێغەمبەرەکەی بڕیاری هەر کارێکیاندا بۆیان نیە سەرپشکبن لـەکارەکەیاندا وەهەرکەس سەرپێچی خواو پێغەمبەرەکەی بکات ئەوە بەڕاستی گومڕابووە بەگومڕابونێکی ئاشکرا ) .

كەواتە خوای گەورە بەرنامە دادەنێت و بەس بەلاَم لەمرۆدا خەڵكی بەكردەوە دیموكراتی دەپەرستن و خوا ناپەرستن چونكە یاساكانی دیموكراتی پەیرەو دەكەن ویاساكانی خوای گەورە پشت گوێ دەخەن ئەگەر هەركەس هۆشیاربێت هەست بەوە دەكات .

## {لاإلەإلاالله} و {مەرجەكانی}

ئاشكرایە خوای گەورە بەهەشت و دۆزەخی ئامادەكردووە بۆ موسڵمان وكافرەكان جالەبەرئەوە ئینسانی موسڵمان ئەگەر چاوەڕێی بەهەشت بێت دەبێت چەند مەرجێك كەهەن لەخۆیدا جێبەجێیان بكات بۆ ئەوەی ڕەزامەندی خوای گەورە بەدەست بهێنێت جا لەبەرئەوە ( لاإلەإلاالله) كلیلی دەرگای بەهەشتە بەمەش هەموو كلیلێك ددانی خۆی هەیە كلیلی (لاإلەإلاالله)ش ددانی خۆی هەیە كە مەرجەكانیەتی إن شاءالله یەك بەیەكیان باس دەكەین لەهەندێ سەرچاوەدا (٧) و ( ٨ ) و ( ٩ ) مەرجیان بۆ داناوە .

**مەرجی یەكەم / بەزمان بیلێت و دانی پێدا بنێت (النطق والإقرار بها) .**

مەرجە هەركەسێك كەدەیەوێت موسڵمان بێت شایەتمان بەزمان بلێت جائەگەر توانای هەبوو نەیووت ئەوە نابێتە موسڵمان ، لەفەرموودەكەی سەعیدی كوڕی موسەیب ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت) كەوا لەباوكیەوە دەیگێڕێتەوە كە فەرموویەتی ( كاتێك كەئەبوتالب كەوتە حاڵەتی سەرەمەرگ پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) هات بۆ لای بینی ئەبووجەهل و عەبدولاَی كوڕی ئەبی ئومەیەی كوڕی موغەیرە لەلای دانیشتبوون پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : (یاعم قل لاإلەإلاالله، كلمە أشهدلك بها عنداالله)

واتە : مامە گیان بلێ (لاإلەإلاالله) وشەیەكە لای خوای گەورە شایەتیت بۆ دەدەم لەسەری، بەلاَم ئەبوجەهل و عبدالله ی كوڕی ئەبی ئومەیە وتیان : ئەی ئەبووطالیب ئایا پشت لە میلەت و ڕێبازی عبدالمطلیب هەڵدەكەیت ؟! جابەردەوام پێغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) ئەوەی عەرز دەكردو ئەو قسەیەی بۆ دووبارە دەكردەوە تا ئەبووطالیب دواین قسەی وتی : من لەسەر میللەت و ڕێبازی عبدالمطلیب و ڕازی نەبوو بلێت (لاإلەإلاالله) جا پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی ( أما والله لأستغفرن لك ما لم أنه عنك ) واتە: سوێند بەخوای گەورە داوای لێ بوردنت بۆ دەكەم لەلای خوای گەورە ئەگەر لێم قەدەغە نەكات، جا خوای گەورە ئایەتی دابەزاند كە دەفەرموێت ( ماكان للنبی والذین ءامنوا أن یستغفروا

للمشركين ولوكانوا أولي القربى من بعد ماتبين لهم أنهم أصحاب الجحيم) التوبة ١١٣ واتە: ڕەواو شايستە نيە بۆ پێغەمبەرو باوەڕداران كە داواى لێبووردن بكەن بۆ هاوبەش پەيداكەران باخزمى نزيكيشيان بن لە پاش ئەوەى بۆيان دەركەوتووە كە بێگومان ئەوە موشريكانە ئەهل و هاوەڵى دۆزەخن) .

هەر لەبارەى أبوتاليبەوە خواى گەورە ئەم ئايەتەى دابەزاند بۆ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ( إنك لاتهدى من أحببت ولكن الله يهدى من يشاء وهو أعلم بالمهتدين) قصص ٥٦

واتە (ئەى پێغەمبەر تۆ هەرگيز ناتوانى ئيمان و باوەڕ ببەخشى بەوكەسەى خۆشت دەوێت بەڵكو خواى گەورە خۆى هيدايەتدەرى هەركەسێكە كەخۆى ويستى لەسەر بێت ئەو (خوايە) زاناترە بەوانەى ڕێنمونى وەردەگرن) رواه بخارى ٣/رقم /٤٧٧٢ – ومسلم ( ١/ رقم / ٢٤ ) .

هەروەها لەفەرموودەكەى عبدالله ى كوڕى عومەردا ( خوا لەخۆى و باوكى ڕازى بێت ) كەوا پێغەمبەر (صلى اللـهعليەوسلم) فەرموويەتى: ( من فەرمانم پێ كراوە بجەنگم لەگەڵ خەڵكى دا تا شايەتى دەدەن و ئەڵێن (لاإلەإلاالله محمد رسول الله) وەبەرێكوپێكى نوێژەكانيان دەكەن، وەزەكاتى ماڵ وسامانەكانيشيان دەدەن جاهەركاتێ ئەوەيانكرد ئەوە خوێن وماڵيان لەمن پارێزراو دەبێت مەگەر بەمافى ئيسلام وەلێپرسينەوەيان لەلاى خواى گەورەيە)

ئيمامى نەوەوى (ڕەحمەتى خواى لێ بێت) دەفەرموێت :( وفية ان الأيمان شرطه الإقرار بالشهادتين مع إعتقادهما وإعتقاد جميع مآأتى به الرسول (صلى اللله عليه وسلم) شرح صحيح مسلم (١ / ٢١٢)

واتە :وە ئەمەش بەڵگەيە لەسەر ئەوەى كەوا باوەڕهێنان يەكێك لە مەرجەكانى دانانە بە شايەتوماندا لەگەڵ بيروباوەڕهێنانيش پێى وە بيروباوەڕهێنانيش بەهەموو ئەوەى پێغەمبەر صلى الله عليەوسلم هێناويەتى .

شێخى ئيسلام ( إبن تيميە) ڕەحمەتى خواى لێبێت دەفەرموێت: (فأما شهادتان إذا لم يتكلم بهما مع القدرة فهوكافر بإتفاق المسلمين، وهوكافر باطنا وظاهرا عندالسلف الامة وأئمتها وجماهير علمائها) مجموع فتاوى (٩٧/٧ طبعة دارالجبل)

واتە : جاهەردوو شايەتمانەكە ئەگەر كەسێك بەگوفتار نەيلێت لەگەڵ بوونى تواناى ئەوە بێباوەڕە بە يەكڕاى موسڵمانان وە ئەو كەسە بێباوەڕە لەناوەوەو دەرەوەش لەلاى پێشينانى ئوممەت و پێشەواكانيان و جەماوەرى زانايان . كاتێكيش دەفەرموێت ( مع القدرة ) بەم وشەيە ئەوانە لەم حوكمە دەردەچن كەتواناى وتنيان نيە وەكو كەسێك كەلاڵ بێت و تواناى قسەكردنى نەبێت.

**مەرجی دووەم / بێباوەڕبوون بە طاغوت ( الكفر بالطاغوت).**

یەكێكە لەگرنگترین مەرجەكانی (لاإلـەإلاالله) چونكە ئەوەی كوفر بە طاغوت نەكات ئیماندار نیە چونكە خوای گەورە دەفەرموێت (فمن يكفر بالطاغوت ويؤمن بالله فقد استمسك بالعروة الوثقى لانفصام لها والله سميع عليم) .

واتە: جاهەركەسێ كوفربكات بە طاغوت (پەرستنی غەیری خوا ) وەباوەڕیش بەتەواوی بەخوای تاك و تەنها بهێنێت ئەوە دەستی بەپەتی نەپچراوەی خوای گەورە گرتووە . إبن كثير ( رحمەالله) لە تەفسیرەكەیدا نەقڵی كردووە كە ئیمامی موجاهید دەفەرموێت ( عروةالوثقى) بریتیە لە (ئیمان) ، سعیدی كوڕی جبیر و زوحاك دەفەرموون بریتیە لە (لاإلـەإلاالله) .

خوای گەورە دەفەرموێت (ولقد بعثنا في كل أمة رسولا أن اعبدوا الله واجتنبوا الطاغوت ) النحل ٣٦ واتە: سوێندبەخوا لەناو هەموو گەل و ئومەتێكدا پێغەمبەرێكمان ناردووە بەمەی تەنها خوا بپەرستن و دووربكەونەوە لەپەرستنی هەر پەرستراوێكیتر ( الطاغوت ) .

هەروەها خوای گەورە فەرزی كردووە لەسەر موسڵمانان كە كوفربكەن و كافربن بە طاغوت وەك دەفەرموێت ( وقد أمروا أن يكفروا به)واتە : لەكاتێكدا بەڕاستی فەرمانیان پێ كراوە كەبڕوایان پێی نەبێت (طاغوت ) سورەتی النساء ئایەتی ٦٠ .

طاغوتانیش چەند جۆرێكن :

١ – شەیتان : (إن الشيطان لكم عدو فاتخذوه عدوا) فاطر ٦

واتە : بەڕاستی شەیتان دوژمنی ئێوەیە دەی ئێوەش بەدوژمنی بزانن.

٢ – (الحاكم الجائر المغير لأحكام الله ) ئەو حاكم وفەرمانڕەوایانەی كەحوكمی خوای گەورە دەگۆڕن :

خوای گەورە دەفەرموێت (أم لهم شركاء شرعوا من الدين ما لم يأذن به الله ) شورى ٢١ واتە: ئاخۆ ئەو (بێ باوەڕانە ) هاوبەشێكیان هەیە ئاینێك یان شەریعەتێكی بۆ داناون كە خوای گەورە ڕێگەی پێ نەداوە.

٣ – الذي يحكم بغير ما أنزل الله: ئەو سەرۆك وحاكمانەی كەحوكم بەقورئان ناكەن، خوای گەورە دەفەرموێت ( ومن لم يحكم بما أنزل الله فألئك هم الكافرون ) المائدة ٤٤ .

ئەوکەسەی حوکم بەقورئان نەکات کافرو بیٚ باوەڕە .

خوای گەورە دەفەرمویٚت (أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ آمَنُوا بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنْزِلَ مِنْ قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَنْ يَتَحَاكَمُوا إِلَى الطَّاغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوا أَنْ يَكْفُرُوا بِهِ وَيُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَنْ يُضِلَّهُمْ ضَلَالًا بَعِيدًا (٦٠) وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا إِلَى مَا أَنْزَلَ اللَّهُ وَإِلَى الرَّسُولِ رَأَيْتَ الْمُنَافِقِينَ يَصُدُّونَ عَنْكَ صُدُودًا) سورة. النساء/ اية ٦٠-٦١ .

واتە:( ئایا ئاوڕێکت نەداوەتەوە بەلای ئەوانەی وا خۆنیشان دەدەن کەبەڕاستی ئەوان باوەڕیان هێناوە بەوەی دابەزیوە بۆ تۆ (قورئان) و بەوەش کەپێش تۆ دابەزیوە کەتەوراتە دەیانەوێت کە دادوەری ببەن بۆلای یەکێك کە حوکم بەبەرنامەی خواناکات، طاغوت لەکاتێکدا بەڕاستی فەرمانیان پێکراوە کەکافربن، وەشەیتان دەیەوێت کەگومڕایان بکات، بە گومڕاییەکی دوور لە ڕاستی، ئەگەر پێیان بوترێت وەرن بۆلای ئەوەی خوا ناردویەتییە خوارەوە بۆلای پێغەمبەر ﷺ دەبینی ئەی پێغەمبەر ﷺ دوڕووەکان ڕوت لێوەردەگێڕن بەوەرگێڕانێکی تەواو).

٤- ئەوکەسەی کە دەڵێت من غەیب دەزانم (الذي يدعى على الغيب):

خوای گەورە دەفەرموویٚت (قل لايعلم من فى السموات والأرض الغيب إلا الله ) النمل ٦٥

واتە :هەرچی لە ئاسمان و زەویدا هەن پەنهان نازانن تەنها خوای گەورە نەبێت .

٥- الذي يعبد من دون الله وهو راض بالعبادة:

ئەمەش کەسێکە بپەرسترێت جگە لە خوا، وەڕازی بێت بەو پەرستنە جا ئەم پەرستنە لەسەر شیوازی شوینکەتنی کەسانیك و خۆشویستنیان زیاتر لە خۆشویستنی خوای گەورە بێت .

خوای گەورە دەفەرموویٚت: (وَمَنْ يَقُلْ مِنْهُمْ إِنِّي إِلَهٌ مِنْ دُونِهِ فَذَلِكَ نَجْزِيهِ جَهَنَّمَ كَذَلِكَ نَجْزِي الظَّالِمِينَ) سورةالانبياء ٢٩

واتە: ( هەرکەسێك بلێٚ من خوام بێجگە لە خوا ئەوە پاداشتی ئەمانە جەهەنەمە (دۆزەخە) ئەمە پاداشتی زالم و ستەم کارانە ) .

مەرجی سیٚیەم / زانینی ماناکەی ( العلم بمعناها) .

ئینسانی موسڵمان دەبێت مانای تەواوی ( لاإلـەإلاالله) بزانێت، زۆرێك لـە موسڵمانان خۆیان خەریك دەكەن بەچەند شتێكی هیچ و پوچ و فلیم و حەلقەی تەلەفزیۆنی بەچەندین شەو ڕۆژی پێ بەسەر دەبات و كاتی خۆی سەرفدەكات تێیدا یان سەیركردنی یاریەكانی تۆپی پێ بەڵام ئامادەنین ئەو موسڵمانانە چەند ڕۆژێك دیاری بكەن بۆ خۆ شارەزاكردن لـە گەورەترین وشە كە (لاإلـەإلاالله) یە، خوای گەورە دەفەرموێت (فاعلم أنه لاإلـەإلاالله) سورە محمد .

واتە : بزانەو شارەزابە كەوا هیچ پەرستراوێك نیە بەحەق شایستەی پەرستن بێت جگە لـەخوای گەورە)

هەروەها پێغەمبەر (صلی الله علیەوسلم) دەفەرموێت: (من مات وهو یعلم أنة لاإلە إلا الله دخل الجنة) رواە مسلم

واتە : هەركەسێك بمرێت و شارەزابێت و بزانێت كەوا هیچ پەرستراوێك نیە بەڕاستی شایەنی بەندایەتی بێت جگە لـەخوای گەورە ئەوە دەچێتە بەهەشتەوە .

مەرجی چوارەم /دەبێت بەراستی و نیەت پاكیەوە خۆی بۆ شایەتمان یەكلا بكاتەوە (الـصدق والاخلاص لها).

دەبێت بەڕاستی و نیەت پاكیەوە خۆی بۆ شایەتمان یەكلا بكاتەوە (الـصدق و الإخلاص لها) خوای گەورە دەفەرموێت ( ومأأمروا إلا لیعبدوا الله مخلصین له الدین حنفاء )البینە ٥

واتە : ئەوان – ئەهلی كتاب – فەرمانیان پێ نەكرابوو تەنها بەوە نەبێت كە بەندایەتی خوای گەورە بكەن و بەڕاستی و پاكی ئاین پەروەری بۆ ئەو بكەن لـەهەموو ئاین و ڕێبازێكیتر لادەن بۆ تاكە ڕێبازی ئیسلام .

پێغەمبەر ( صلی الله علیەوسلم ) دەفەرموێت ( مامن أحد یشهد أن لاإلە إلاالله وأن محمد رسول الله صدقا من قلبە إلا حرمە الله علی النار ) رواە البخاری .

واتە: هەركەسێك شایەتی بدات كەوا هیچ پەرستراوێك نیە بەحەق بێجگە لـەخوا وە محمد ( صلی الله علیەوسلم ) یش پێغەمبەرو نێردراوی خوایە، بەڕاستی لـەكانگای دڵیەوە، ئەوەخوای گەورە لـەسەر ئاگری دۆزەخ حەرامی دەكات كەوا بیسوتێنێ .

هەروەها پێغەمبەر ( صلی الله علیەوسلم) دەفەرموێت ( أسعد الناس بشفاعتی یوم القیامة من قال لاإلە إلاالله خالصا من قلبە أو نفسە ) رواە بخاری .

واتە: خۆشبەختترین کەس بەشەفاعەت وتکاکردنی من لە ڕۆژی دوایدا کەسێکە بەپاکی و ڕاستی لەدڵەوە و لەدەروونیەوە بڵێ ( لاإلەإلاالله) .

مەرجی پێنجەم/ دڵنیابوون کەدڕی گومانە ( اليقين بها وعدم الشك فيها )

خوای گەورە دەفەرموێت (وقالوا إنا كفرنا بما أرسلتم به وإنا لفي شك مما تدعوننا إليه مريب (٩) قالت رسلهم أفي الله شك فاطر السموات والأرض ) سورة إبراهيم .

واتە : وتیان بەڕاستی ئێمە بێ بڕوایین بەو پەیامەی کەبەئێوەدا نێردراوە وەبەڕاستی ئێمە لەگوماندایین لەوەی بانگمان دەکەن بۆ لای ودوو دڵین، پێغەمبەرەکانیان وتیان پێیان ئایا لە خوا گومان هەیە کەبەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی یە .

پێغەمبەر صلى الله علیەوسلم دەفەرموێت ( أشهد أن لاإله إلاالله وأني رسول الله لايلقى الله بهما عبد غير شاك فيهما إلا دخل الجنة ) رواه مسلم

واتە : شایەتی دەدەم هیچ پەرستراوێك نیە بەحەق شایستەی پەرستن بێت جگە لە خوای گەورە وە منیش پێغەمبەرو نێردراوی خوام جاهەرکەسێك بەم شایەتی دانەوە بگاتەوە لای خوای گەورە و هیچ گومانێکی لێی نەبێت ئەوە دەچێتە بەهەشتەوە.

کەواتە نابێت لە هیچ شتێکی خوای گەورە گومانمان هەبێت کە بۆ خۆی بڕیاریداوەو چەسپاوە .

مەرجی شەشەم / خۆشویستن ( المحبة) .

واتە ئەوپەڕی خۆشویستن بۆ شایەتومانەکە، وەخۆشویستنی هیچ کەسێکیتر زاڵ نەکەیت بەسەر خۆشەویستی خوای گەورەدا، چونکە هەندێ کەس هەن بانگەشەی ئەوە دەکەن کە خوای گەورەیان زۆر خۆش دەوێت بەلاَم زۆر بەداخەوە کاتێك جنێو بەخوای گەورە دەدەن و ڕەخنە لە خواو پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) ئیسلام دەگرن بێدەنگەو هیچ موشکیلە نیە بەلایەوەو هیچ تووڕە نابێت بگرە زۆر جار بەدەمی ئەو کەسە کافرانەوە پێدەکەنێت کە ڕەخنە لە ئیسلام دەگرن، بەڕاستی ئەمە خۆشویستن نیە بانوێژیش بکات و ڕۆژوش بگرێت، بەلاَم هەرکەسێك جنێو بەحیزبەکەی یان سەرکردەکەی یان سەرۆکەکەی یان شێخەکەی بدات خێرا توڕە دەبێت و بگرە خەڵکی لەسەر دەکوژن و دەستگیریشی دەکەن بەلاَم بۆ ئەو کەسانەی هێرش دەکەنە

سەر ئیسلام ڕێزیان لـیٚ دەگرن خوایە بەشایەت بە ئێمە بەرییێن و دووریـن لـەمانە ئێمە لـەمانە نین و ئەوانیش لـە ئێمە نین.

خوای گەورە دەفەرموێت (ومن الناس من يتخذ من دون الله أندادا يحبونهم كحب الله والذين ءامنوا أشد حبا لله)

واتە: هەندیٚ کەس هەیە جگە لـە خوای گەورە شتانێکیتر دەپەرستێت و بەندایەتی بۆ دەکات ( گوێڕایەڵی دەکات بۆی) خۆشی دەوێت وەك چۆن باوەڕداران خوای گەورەیان خۆش دەوێت بەڵام بێگومان باوەڕداران خوای خۆیانیان زیاتر خۆش دەوێت ( بەڕادەیەك کەهەر بەراوورد ناکرێت ) .

هەروەها پیغەمبەر(صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت:( أوثق عرى الايمان الموالاة في الله والمعاداة في الله والحب في الله والبغض في الله) حديث صحيح روا ه احمد وغيره وصححه الالباني .

واتە (بەراستی توندترین پەتی باوەر دۆستایەتی کردنە لـەبەر خاتری خوا ودوژمنایەتی کردنیشە لـەبەر خوا وە خۆشەویستنە لـەبەر خاتری خوا و رق و قینیشە لـەبەر خوا ) .

مەرجی حەوتەم / بەو شایەتومانە ڕازی بێت و وەری بگرێت ( القبول لها ) .

خوای گەورە لـەقورئاندا باسی ئەو گەل و نەتەوانە دەکات کەچۆن لـەناوی بردوون بەهۆی ئەوەی کەوا ڕازی نەبوون وەڵامی بانگی خوای گەورە بدەنەوە .

خوای گەورە دەفەرموێت ( وكذالك ما أرسلنا من قبلك في قرية من نذير إلا قال مترفوها إنا وجدنا ءاباءنا على أمة وإنا على ءاثارهم مقتدون (٢٣ )قال أولو جئتكم بأهدى مما وجدتم عليه ءاباءكم قالوا إنا بما أرسلتم به كفرون ( ٢٤) فنتقمنا منهم فانظر كسيف كان عقبة المكذبين (٢٥) سورە زخرف .

واتە: هەروەها پێش تۆ هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە لـەشارێکدا مەگەر خۆشگوزەرانەکان ( دەوڵەمەندەکان ) وتویانە بەڕاستی ئێمە باوباپیری خۆمان لـەسەر ئاینێك بینیوە وەبەڕاستی ئێمە لـەسەر ئاینی ئەوان دەڕۆین ( ٢٣) ووتی ئەگەرچی من ( ئاینی ) ڕاستریشم بۆ هێنابن لـەوەی باوباپیرانتان دیوە لـەسەری، وتیان بێگومان ئێمە بیٚ باوەڕین بەو ئاینەی بۆ ئێوەدا نێردراوە (٢٤) بۆیە تۆڵەمان لـیٚ سەندن جاسەیرکە سەرئەنجامی درۆزنان چۆن بوو .

ئەمرۆش ئەم شتانە دەبینین خەڵکانێك هەیە دەڵێن ئێمە باوك و باپیرمان لەسەر ئەم ڕێگەو ئەم حیزبە بوو ئێمەش لێی لانادەین کاکە دەبێت بزانین ئەگەر ئەوان لەسەر ڕێگەیەکی گومڕای و کافری بوون دەبێت ئێمەش بەشوێنیاندا بڕۆین ؟؟ بۆیە دەبێت بەشوێن ڕێگەی ئیسلامدا بڕۆین بۆ ئەوەی سەربەرزی دنیاو قیامەت بین إن شاءالله .

لە إبن عباسەوە ( ڕەزای خوای گەورە لەخۆی و باوکی) کەوا پێغەمبەر (صلی الله علیەوسلم) فەرموویەتی ( أوثق الأیمان الموالاة فی الله والمعادات فی الله والحب فی الله والبغض فی الله ) رواه احمد وغیره وهوحدیث صحیح وصححه الالبانی .

واتە :بەڕاستی بەهێزترین پەتی باوەڕ دۆستایەتیکردنە لەبەرخاتری خواو دوژمنایەتی کردنە لەبەرخاتری خوا وەخۆشویستنە لەبەرخاتری خواو ڕق وکینەش لەبەرخوا.

**مەرجی هەشتەم/ ملکەچی واتای شایەتومان بێت ( الإنقیاد لمعناها ) .**

کەواتە دەبێت ملکەچی ئەوە بین کەخوای گەورە داوامان لێدەکات، بابێت موناقەشەی بکەین بلێین ئەمە بۆ ئێستە ناشێت هەروەکو چەند کەسێکی نەزان و نەفام وجاهیل ئەم قسانە دەکەن هەرکەس حوکمێکی خوای ڕەت کردەوە ئەوە ملکەچی خوای گەورە نەبووە .

خوای گەورە دەفەرموێت (فلا وربك لایؤمنون حتی یحکموك فیما شجر بینهم ثم لایجدوا فی أنفسهم حرجا مما قضیت ویسلموا تسلیما) النساء ٦٥

واتە : نەخێر وانی یە کەخۆیان بەباوەڕدار نیشان دەدەن سوێند بەپەروەردگارت بڕوادار نین تاتۆ نەکەنە داوەر لەهەر ئاژاوەو دوبەرەکیەکی نێوانیاندا ، دوای ئەوەش نابێت هیچ نارەزاییەك لە دەروونیاندا دروست بێت وەبەتەواوەتی خۆیان تەسلیمی خوای گەورە بکەن.

هەروەها دەفەرموێت (ویقولون ءامنا بالله وبالرسول وأطعنا ثم یتولی فریق منهم من بعد ذالك وما أولئك بالمؤمنین ( ٤٧ )وإذا دعوا إلی الله ورسوله لیحکم بینهم إذا فریق منهم معرضون (٤٨) سورة النور

واتە :دوو ڕووەکان تەنها بەزمان دەڵێن ئێمەش باوەڕمان هێناوە بەخواو پێغەمبەرو گوێڕایەڵیشین کەچی لەوەدوا کۆمەڵێکیان ڕوو وەردەگێڕن، نەخێر بێگومان ئەوانە باوەڕدار نین، ئەوانەئەگەر بانگ بکرێن بۆلای خواو پێغەمبەرەکەی تاوەکو داوەری نێوانیان بکەن هەندێکیان یەکسەر پشت هەڵدەکەن وڕازی نابن.

كه‌واته‌ با به‌ده‌میش بڵێن باوه‌ڕدارین به‌ڵام ئه‌گه‌ر ملكه‌چ و ته‌سلیمی خوای گه‌وره‌ نه‌بن ئه‌وه‌ بێسوده‌و لێیان وه‌رناگیرێت.

**مه‌رجی نۆیه‌م / كاركردن به‌واتای شایه‌تومان (العمل بها) .**

یه‌كێكیتر له‌ مه‌رجه‌ گرنگه‌كانی لاإله‌إلاالله ئه‌وه‌یه‌ كه‌ ئینسانی موسڵمان ده‌بێت كار به‌وه‌ بكات كه‌ خوای گه‌وره‌ داوای لێده‌كات وكاری پێ بكات وپشتی تێنه‌كات، ده‌بێت كار به‌وه‌ بكات كه‌خوای گه‌وره‌ دایبه‌زاندووه‌ بۆ پێغه‌مبه‌ر ( صلى الله علیه‌وسلم) ده‌بێت له‌كاتی حوكمداندا، به‌ قورئان حوكم بكات، ده‌بێت مرۆڤی موسڵمان كاتێك موشكیله‌یه‌كی هه‌یه‌ ده‌بێت بیبات بۆ لای خواو پێغه‌مبه‌ر (صلى الله علیه‌وسلم) واته‌ (قورئان وحدیث) نه‌وه‌كو ئه‌مرۆ كۆمه‌ڵه‌خه‌ڵكێك هه‌ن كه‌ ده‌ڵێن موسڵمانین و به‌ڵام قورئانیان وه‌لا خستووه‌ وقورئانیان پشتگوێ خستووه‌ نه‌ك هه‌ر به‌ته‌نها پشتگوێیان خستووه‌ به‌ڵكو قورئان و فه‌رمووده‌ش به‌كۆنه‌په‌رست وكه‌م وكورت له‌قه‌ڵه‌م ده‌ده‌ن بۆیه‌ ئه‌مانه‌ كار به‌شایه‌تومانه‌كه‌یان ناكه‌ن .

خوای گه‌وره‌ ده‌فه‌رموێت (وما أمروا إلا لیعبدوا الله مخلصین له الدین حنفاء ویقیموا الصلاة ویؤتوا الزكاة وذالك دین القیمه ٥) البینة .

واته‌ : ئه‌وانه‌ فه‌رمانیان پێ نه‌كرابوو ته‌نها به‌وه‌ نه‌بێت كه‌وا به‌ندایه‌تی خوای گه‌وره‌ بكه‌ن وبه‌ڕاستی و پاكی و به‌ئیخلاصه‌وه‌ ئاین په‌روه‌ری هه‌ر بۆ ئه‌وبكه‌ن وله‌هه‌موو ئاین ورێبازێكیتر لاده‌ن بۆتاكه‌ ڕێبازی ئیسلام به‌رێكوپێكی هه‌ڵسن به‌كردنی نوێژه‌كان وه‌زه‌كاتی ماڵ و سامانه‌كانیان بده‌ن هه‌ر ئه‌وه‌ش ئاینی ڕاسته‌قینه‌ی خوای گه‌وره‌یه‌.

هه‌روه‌ها خوای گه‌وره‌ ده‌فه‌رموێت (ولقد بعثنا فی كل أمة رسولا أن اعبدوا الله واجتنبوا الطاغوت ) السورة النحل ٣٦

واته‌: بێگومان ئێمه‌ بۆ هه‌موو ئومه‌تێك پێغه‌مبه‌رێكمان بۆ ناردوون كه‌وا به‌ته‌نها به‌ندایه‌تی وپه‌رستن هه‌ر بۆ خوای گه‌وره‌ بكه‌ن وه‌دووربكه‌ونه‌وه‌ له‌به‌ندایه‌تی كردنی وپه‌رستنی طاغوت .

كه‌وابوو ئه‌گه‌ر به‌كرده‌وه‌ ده‌ست به‌خواپه‌رستی نه‌كات و دوورنه‌كه‌وێته‌وه‌ له‌ په‌رستنی غه‌یری خواوگوێڕایه‌ڵی غه‌یری خوا، وه‌ شوێن به‌رنامه‌كانی ده‌ستكردی ئینسانه‌كان بكه‌وێ وه‌ك (علمانیه‌ت وشیوعیه‌ت ودیموكراسی و....) ئه‌وه‌ شوێن خوای گه‌وره‌ نه‌كه‌وتووه‌ شوێن ئه‌و یاسایانه‌ كه‌وتووه‌و شوێن یاساكانی خوا نه‌كه‌وتووه‌ وه‌ به‌مه‌ش لێی قبوڵ ناكرێ والله أعلم .

وەك شێخ ئیبن عثیمین دەفەرموێت ( هؤلاء يحكمون القوانين ليست قضية معين خالفوا فيها كتاب والسنه لهوا، ولاكنهم يستبدلوا دين بهذا القانون، جعلوا هذا القانون يحل محل شريعة الله وهذا كفر، حتى لوصاموا وصلوا وتصدق وحج فهم كفار مادام عدم حكم الله وهم يعلمون بحكم الله إلى هذه القوانين المخالفة حكم الله ( فلاوربك لايؤمنون حتى يحكموك فيما شجربينهم ......) نساء ٦٥ .

واتە : ئەوانەی ئەوانەی کە حوکم بە یاسا دانراوەکان دەکەن، ئەوە بابەتێکی دیاریکراو نییە کە پێچەوانەی قورئان و سوننەت بێت وبۆ هەواو ئارەزوو بێت، بەڵکوئەوانە دینەکەیان گۆڕیوەتەوە بەو یاسایانە ئەو یاسایانەیان داناوە لەشوێنی شەریعەتی خوای گەورە کەئەوەش کوفرە، هەرچەندە ڕۆژووش بگرن ونوێژبکەن ودین بەڕاست بزانن وحەجیش بکەن بەڵکو ئەوانە کافرن ......)  کەواتە دەبێت ڕازی بێت بەقورئان وسوننەت و ئیشی پێ بکات ئەو کاتە موسڵمانە .

مەرجی دەیەم/ دەبێت لەسەر شایەتومانەکەبێت و بەردەوام بێت تامردن  ( الموافات عليها) .

لەبەرئەوە خوای گەورە دەفەرموێت ( ومن يرتدد منكم عن دينه فيمت وهو كافر فأولئك حبطت أعمالهم في الدنيا والأخرة وأولئك أصحاب النار هم فيها خلدون) البقره ٢١٧ .

واتە: هەرکەس لەئێوە هەڵبگەڕێتەوە لەئاینەکەی ولەسەر بێباوەڕی بمرێت ئا ئەو جۆرە کەسانە کردەوەکانیان هەموو پوچەڵ دەبێتەوە لەدونیاو قیامەتیشدا ئەوانە نیشتەجێی ئاگری دۆزەخن، بەهەمیشەیی لەوێدا دەمێننەوە.

پێغەمبەریش دەفەرموێت (صلی الله علیەوسلم) ( مامن عبد قال لاإله إلاالله ثم مات على ذالك إلا دخل الجنة) رواه مسلم

واتە : هیچ بەندەیەك نیە بلێت لاإلەإلاالله پاشان لەسەریشی بمرێت و نەچێتە بەهەشتەوە.

لەفەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت لە عبدالله ی کوڕی مسعودەوە (خوای لێ ڕازی بێ )کەوا پێغەمبەر (صلی الله علیەوسلم) فەرموویەتی ( سوێند بەو خوایەی کەپەرستراوێکیتری ڕاست نیە جگە لەو، کەسێك لە ئێوە کار بەکردەوەی خەڵکی بەهەشت دەکات تالەنێوانی بەهەشت و ئەودا تەنها باڵێك دەمێنێت جالەو کاتەدا نوسراوەکەی پێشی دەکەوێت کردەوەگەلێك دەکات وەك کردەوەی خەڵکی دۆزەخ بۆیە دەخرێتە دۆزەخەوە، هەروەها کەسێکی تریشیان کار بەکردەوەی خەڵکی دۆزەخ دەکات تا لەنێوان دۆزەخ وئەودا تەنها باڵێك دەمێنێت جالەو کاتەدا نوسراوەکەی پێشی دەکەوێت جاکردەوە گەلێك دەکات وەك کردەوەکانی خەڵکی بەهەشت بۆیە دەخرێتە بەهەشتەوە .

وە هەر کەسێك لەسەر کافری بمرێت هەرچەندە پێشتر پێشەوای موسڵمانان بێت وکارو کردەوە باشەکانیشی زۆر بێت بەڵام لەسەر کافری بمرێت، هەرکەسێك بێت پێش ئەوە، ئەوە کافرەو بە هەمیشەی جێگەی دۆزەخە .

## لا إله الا الله و هەڵوەشێنەرەوەکانی

باسمانکرد وئاماژەمان پێدا کە مەرجەکانی لا الە الا الله چەندەو چۆنن ئێستەش بە پشتیوانی خوای گەورە هەوڵدەدەین باسی هەڵوەشێنەرەوەکانی لا ا لە الا الله بکەین .

بێگومان ئەو کەسەی کە پەیمان دەدات بە خوای گەورە دێتە ناو ئاینی ئیسلامە وە بەمەش چەند شتێکی لیَ قەدەغە دەکرێت ئەگەر ئەو کەسە بەردەوام بێت لە سەر ئیسلام .

کە واتە ئەم خاڵانەی باسیان دەکەین ( ئیمان ) بە ( لاالـە الا الله ) هەڵدەوەشێننەوە ئەو کەسەی ئەم خاڵانە ئەنجام بدات دەچێتە دەرەوەی ئیسلام (وەك زانایان باسیانکردووە).

**هەڵوەشێنەرەوەی یەکەم / هاوبەش پەیداکردن بۆ خوای گەورە(الـشرك) .**

لە وەدەچیَ هەندیَ کەس هەبن کە زۆر لە خۆیان ڕازین ولە خۆبایین دەڵێن کەی ئەوەندە گرنگە ئەوەندە باسی عقیدە و بیروباوەڕ بۆ خەڵکی بکەین کاری لەوە گرنگتر هەیە کە وازمان لیَ هێناوە، بەڵام دەبێت پێش هەموو شتێك ئێمەش پێی بڵێین کاکە لە ئیسلامدا یەکەم شتێك کە گرنگە بریتیە لە عقیدە و ئیمان عقیدەش سەلامەت نابێت ئەگەر پاك نەکرێتەوە لە شیرك و کوفر چونکە ئەم دوو شتە وا دەکات لە ئینسان کە بە هەمیشەیی لە دۆزەخدا بمێنێتەوە دیارە مەبەستمان شیرك وکوفری گەورەیە .

خوای گەورە دەفەرموویێت: ( إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ ) النساء ٤٨

واتە: بێگومان هەرگیز خوا خۆش نابێت کە هاوبەشی بۆ دابنرێت) هەر کەس هاوبەشی بۆ خوای گەورە بڕیارٍ بدات بمرێ لە سەری خوای گەورە لێیخۆش نابێت هەرگیز (جگە لەوە خۆش دەبێت لە هەر گوناهێکی تر بۆ هەر کەسێ بییەوێ وە هەر کەسێك هاوبەش بۆ خوا دابنێت ئەوە بێگومان گوناهێکی زۆرگەورەی هەڵبەستووە.

هەروەها خوای گەورە لە شوێنێکی تر دا دەفەرمووێت( إِنَّهُ مَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنْصَارٍ ( المائدة٧٢

واتە: ( بە ڕاستی هەر کەس هاوبەش بۆ خوا دابنێت ئەوە بێگومان خوا بەهەشتی لێ حەرام کردووە وە جێ و شوێنی ئاگر دەبێت وە بۆ ئەو ستەم کارانە هیچ یارمەتی دەرێك نییە ) .

کە واتە خوای گەورە حەرامی کردووە موشریك وکافر (هاوبەش پەیداکەر و بێباوەڕ ) بچنە بە هەشتەوە ئەگەر تەوبەی لە سەر نەکەن ولەسەری بمرن .

خوای گەورە دەفەرمووێت:( لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ ) سورة الزمر ٦٥

واتە: (ئەگەر هاوبەش بۆ خوا دابنێی بەراستی کردەوەکەت هەڵدەوەشێتەوە و وە بێگومان لە زەرەر مەندان دەبێت )

هاوبەش پەیدا کردن (شیرك) یش ئەم جۆرانەی هەیە کەبریتین لە :

١ - شیرك لە دوعادا (الشرك في الدعاء):

پارانەوە لە مردووەکان و گۆڕەکان و شێخەکان و پێغەمبەران و (عليهم السلام) ئەمەش شیرکە

خوای گەورە دەفەرموێت: ( وَلَا تَدْعُ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَنْفَعُكَ وَلَا يَضُرُّكَ فَإِنْ فَعَلْتَ فَإِنَّكَ إِذًا مِنَ الظَّالِمِينَ) سورة يونس اية ١٠٦

واتە:(هاناو هاوار نەبەیت بۆ کەسێك یان شتێك لە جیاتی خوا کە نە قازانجت بێ دەگەیەنیت نە زەرەرو نە زیان (جونکە زەرە رو زیان و قازانج بە دەستی خوایە) خۆ ئەکەر کاری وا ئەنجام بدەیت ئەوە بەراستی تۆ لەستەم کارانیت).

پێغەمبەر (صلى الله علی وسلم) دەفەرمووێت: ( من مات وهو يدعو من دون الله ندا دخل النار ) رواه البخاري

واتە: (هەرکەسیك بمرێت و لە غەیری خوا هاوبەشی تری بۆ خوا دانابێت لێی بپاریتەوە دەچێتە دۆزەخەوە) وەك داواکردنی (شیفا و ڕزق و هاوارکردنە مردووەکان .

٢- شیرك بریاردان لە نیاز و مەبەست ونیەت دا:

وەك ئەوانەی کارو کردوەیەکی باش دەکەن بەتەواوی و هەموو ویست و مەبەستێکیان لەبەر خەلکەو تەنها مەبەستی خەلکەو لەبەر خوا نیە وەك مەبەستی مونافیقەکان.

خوای گەورە دەفەرمویێت ( مَنْ كانَ يُرِيدُ الْحَياةَ الدُّنْيا وَزِينَتَها نُوَفِّ إِلَيْهِمْ أَعْمالَهُمْ فِيها وَهُمْ فِيها لا يُبْخَسُونَ (١٥) أُولئِكَ الَّذِينَ لَيْسَ لَهُمْ فِي الْآخِرَةِ إِلاَّ النَّارُ وَحَبِطَ ما صَنَعُوا فِيها وَباطِلٌ ما كانُوا يَعْمَلُونَ ) سورة هود ١٥- ١٦.

واتە ( هەرکەسێك ژیانی دونیا و رازاوەیی و( خۆشکوزەرانی) یەکەی بویێت ئەوە باداشتی هەول و کۆششی ئەو جۆرە کەسانە دەدەینەوە لە دونیاداو، ئەوان لەم ژیانەدا کەم وکوریان لەگەل ناکرێ. ئەوانە کەسانێکن بۆیان نیە لەرۆژی دوایدا جگە لە ئاگر وە ئەوەی کردیان تێیدا بوچ و بێ بەرهەم بوو وە هەرچیان کردبەتال و بوج و بۆشە) .

٣- هاوبەش بریاردان لە گویرایەلّیدا:

خوای گەورە دەفەرمویێت ( اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ وَالْمَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا إِلَهًا وَاحِدًالَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ سُبْحَانَهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ ) سورة التوبة ٣١

واتە: (کاور و جولەکەکان) حاخام و قەشەکانی خۆیان کردۆتە پەروەردگاری خۆیان لەجیاتی خوا (ملکەچ و فەرمانداریانن ئەوانیش بەئارەزووی خۆیان شتیان بۆ حەلاّل و حەرام دەکەن) هەروەها مەسیحی کوڕی مەریەمیش بەکوڕی خوا دەزانن ( لەکاتێك دا فەرمانیان بێ نەدرابوو جگە لە پەرستنی تاکە خوا یەك، بێگومان جگە لەو زاتە خوایەکی تر نیە پاکی و بێ گەردی و ستایش بۆ ئەو زاتە یە کە ئەو( نەفامانە) هاوبەشی بۆ بڕیار دەدەن.

* ئەمیش بریتیە لە گوێرایەلّی بۆ غەیری بەرنامەی خوا و شوێنکەوتنی غەیری بەرنامەی خوا بۆ ئەو بەرنامەو تەشریعانەی کەئێستا لەئارادان وەك ( دیموکراسی و عەلمانی و سوشیالیستی و شیوعیەت ...هتد )کەهەندێ موسلمانی ساویلکە شوێنیان کەوتووە وە بێئاگان لەوەی کە بەم شتانەیان لە ئیسلام دەچنە دەرەوە ئەگەر بزانن و هەر شوێنی بکەون.

جا کاتێك عەدی کوری حاتەم گوێی لە پێغەمبەربوو (صل الله علە وسلم ) ئایەتەکەی خو ێندەوە ( اتخذوا احبارهم و رهبانهم أربابا من دون الله) دەفەرمویێت وتم خۆ ئەوان ئەو پێشەوایانەیان نەدەپەرست فەرمووی: (أ جل ولكن يحلون لهم ما حرم الله فيستحلون،و يحرمون عليهم ما أحل الله فيحرمونة،فتلك عبادتهم لهم) رواة : أحمد،الترمزي،حسنة الباني.

واتە (بە ڵێ بەڵام ئەوان شتانێكییان بۆ حەڵاڵ دەكردن كەخوای گەورە حەرامی كردبوو.لە سەریان ئەوانیش بە حەڵاڵیاندەزانی، هەروەها حەرامیشیان بۆ حەڵاڵ دەكەن جا ئێوە حەڵاڵی دەكەن ؟ منیش وتم بەڵێ فەرمووی: (فتلك عبادتهم) واتە : (جائەوە پە رستن يانە ) .

٤- هاوبەش بڕیاردان لە خۆشەویستیدا (الشرك في المحبة):

خۆشویستنی غەیری خوای گەورە (جا هەر كەسێك بێت) وەك خۆشویستنی كەسێك یان سەرۆكێك یان سەرۆكی حیزبێكت لە خوای گەورە خۆشتر بوێت، جا زۆر كەس هەیە خۆشی بە موسلمان دەزانێت و دەلێت خوای گەورەم لە هەموو كەس خۆشتر دەوێت بەڵام ئەگەر ڕەخنەیەك لە خواو ئیسلام و پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بگیرێت بێدەنگە و هیچ قسە ناكات بەڵام رەخنە لە سەرۆكی حیزبەكەی یان عەشرەتەكەی یان ناموسی بگیرێت وجنویان پێ بدرێت خێرا و بەپەلە تورە دەبێت ئەم خۆشەویستیە تەواو نی یەو ناتەواوە، خوای گەورە دەفەرموێت: (وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَتَّخِذُ مِنْ دُونِ اللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللَّهِ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَشَدُّ حُبًّا لِلَّهِ ) سورة البقرة ١٦٥ .

واتە: (كەسانی وا هەیە لە خەلكی هاوبەشی زۆر بۆ خوای گەورە پەیدا دەكەن خۆشیان دەوێت وەك خۆشەویستی (ئیمانداران بۆ خوا) بەڵام ئەوانەی بروایان هیناوە زۆر زیاتر خوایان خۆش دەوێت) .

٥- ترسان لە غەیری خوای گەورە (وەك ترسان لە مردوان و جنۆكە) .

خوای گەورە دەفەرمووێت:( أَلَيْسَ اللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُ وَيُخَوِّفُونَكَ بِالَّذِينَ مِنْ دُونِهِ وَمَنْ يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ)

واتە: ( ئایا خوا بۆ بەندە ی خۆی محمد (صلی الله علیه وسلم) بەس نی یە ؟ وە دەت ترسێنن بەوانەی جگە لە خوان وەهەركەس خوا لارێی بكات ئیتر هیچ كەس ناتوانیّ ڕێ نمونی بێت) .

بەڵام ترسان لە شتی سروشتی وەك ترسان لە ئاژەڵی دڕندە یان ستەمكارێكی زیندو شریك نی یە و دروستە.

٦- داوای كۆمە كی و پشتیوانی (الاستعانة) :

لە شتێكدا كە تەنها خوا توانای بەسەریدا هەبێت، وەك سەرخستن ڕزگاركردن و شیفادان و منداڵ بەخشین و ڕزق دان و....هتد

خوای گەورە دەفەرموێت: (إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ) الفاتحة ٥

واتە :خوایە تەنها هەر تۆ دەپەرستین و هەرلەتۆش داوا ی یارمەتی دەكەین.

پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم )دەفەرموێت به إبن عەبـاس ( إذا سألت فسأل الله وإذا استعنت فاستعن بالله) رواه الترمذي و أحمد و صححه الالباني .

واته ( ئەگەر داواتكرد تەنها لە خوا داوا بكە و ئەگەر داواى هاوكارى و بشتيوانيتكرد هەر لە خوا داوا بكە)

- بەڵام هاوكارى و كۆمەكى لە غەيرى خوا بەم سێ خاڵە يان بەم سێ مەرجە دروستە :

يەكەم/ لە كەسێكى زيندو واتە نابێت مردوو بێت .

دووەم / ئامادەى ئەو جێگەيە بێت واتە غائيب نەبێت .

سێيەم / لە شتێكدا بێت كە بتوانێت بۆت بەجێ بگەيەنێت وەك يارمەتى لێوەرگرتن لە كار و ئيشى چاكە و خێر وپرۆژەى خێرى وهاوشێوەى ئەم ئيشە چاكانە.

٧- داواى فرياكەوتن (الاستغاثه) بۆ لابردنى نارەحەتى و تەنگانە .

خواى گەورە دەفەرموێت: ( إِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ فَاسْتَجَابَ لَكُمْ أَنِّي مُمِدُّكُمْ بِأَلْفٍ مِنْ الْمَلائِكَةِ مُرْدِفِينَ) سورة الانفال اية ٩

واته : يادى ئەوكاتە بكەنەوە لە پەروەردگارتان دەپاڕانەوە و داواى يارمەتيتان لێدەكرد خوداش خێرا هات بە هاناتانەوە .

نمونەى ئەم شيركەش : بڵێت (يا فلان هاوار، بگە بە هانامانەوە) .

٨- سەربڕين بۆ غەيرى خواى گەورە: خواى گەورە دەفەرموێت (فصل لربك وانحر) الكوثر ٢

واتە: (دەى كەواتە نوێژ بكە بۆ پەروەردگارت و قوربانى سەر ببرە)

پێغەمبەريش: (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت (لعن الله من ذبح لغير الله) رواه مسلم

واتە: نەفرەتى خوا لەو كەسەى شتێك سەردەبڕێت بۆ غەيرى خوا.

هەروەها ناوهێنان لەسەر حەيوانەكە لەكاتى سەربڕينيدا، واتە ناوى غەيرى خوا ئەوە گۆشتەكەشى حەرامە وەك سەربڕينى سەردەمى نەفامى بۆ جنۆكە كاتێ خانويەكيان بكرايە يان بيرێكيان هەڵبكەندايە ئاژەڵێكيان لەپاڵدا سەردە بڕى لە ترسى زيانى جنۆكە (تيسير العزيز الحميد ص ١٥٨)

یان سەربڕین لەبەردەم سەرکردە طاغوتەکان و یان هەرکەسکی تر وە یان ناوهێنان لەکاتی سەربڕینەکەدا وەك دەوترێت لە ڕێی خواو ........ شتێکی تری بۆ زیاد دەکەن .

٩- نەزرکردن بۆ غەیری خوای گەورە : وەك کەسێك بلێت ئەی شێخ ئەگەر ئەوەم بۆ بکەیت ئەوا نەزرت بۆ دەکەم، یان نەزرەکە لای گۆری کەسێکدا بکات.

١٠- تەواف : خوا ی گەورە دەفەرموی : (وَلْيَطَّوَّفُوا بِالْبَيْتِ الْعَتِيقِ) سورة الحج ٢٩

واتە :بەدەوری ماڵی دێرین و بەنرخی خوا (کەعبە)دا تەواف بکەن.

لێرە شدا دەبینین هەندێ کەس بەدەوری گۆڕی پیاوچاکان دەسوڕنەوە و بە گەورەی دەگرن ودەست دەهێنن بە گۆڕە کاندا و لە خۆڵەکەی دەکەن بە دەم و چاویاندا.

١١- تەبەڕوك بە خۆڵ و دارو بەرد و پە ڕۆ وە بە هەرشتێك کە لە شەرعدا نەبێت:

وەك ئەوەی کاتێك هاوەڵان دایان بەڵای داری ( ذات الأنواط)ـدا کە دارێك بوو موشریکەکان لەلایدا دەمانەوە و چەکەکانیان پێدا هەڵدەواسی بە مەبەستی پیرۆزی و بەرەکەت .ووتیان بە پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) دارێکی (ذات أنواط)یش بۆ ئێمە دابنێ وەك ئەوەی ئەوان هەیانە ، فەرمووی : (سبحان الله هذا كما قال قوم موسى اجعل لنا إلها كما لهم الهة والذى نفسى بيده لتركبن سنة من كان قبلكم ). أخرجه الترمذي ،وصححه الالباني .

واتە: پاکی وبێگەردی بۆ خوا ئەمە وەك ئەو ووتەیەی گەلەکەی موسا وایە کەوتیان بەرستراویکمان بۆ دابنێ وەك جۆن کافرەکان هەیانە سوێند بەو خوایەی نەفسی منی بە دەستە شوێن ڕێچکەو تاوانی ئەوان دەکەون.

١٢- ئومێد بوون و (الرجاء) پشت بەستن (التوكل) بە غەیری خوا :

لە شتێکدا کە تەنها خوای گەورە توانای هەیە وەك پشت بەستن بەغەیری خوا بۆ سەرخستن و شیفادانی نەخۆش و هتد..

خوای گەورە (وَعَلَى اللَّهِ فَتَوَكَّلُوا إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ) المائدە ٢٣

واتە :بەتەواوی پشت بە خوا ببەستن ئەگەر ئیوە ئیماندارن.

١٣- جادوو سیحر کردن: خوای گەورە دەفەرموێت: (وَلَكِنَّ الشَّيَاطِينَ كَفَرُوا يُعَلِّمُونَ النَّاسَ السِّحْرَ) البقرە ١٠٢

واتە :بەڵكو شەیتانەكان كافربوون و خەڵكیان فێرى سیحر و جادو دەكرد.

١٤- فاڵچیەتى و بانگەشەى غەیب زانین و قاوەگرتنەوە:

پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) (هەركەسێك بروات بۆ لاى فاڵچیەك جا باوەڕ بكات بەوەى كە دەیڵێت ئەوە كوفرى كردوە بەوەى دابەزیوە بۆ محمد (صلى الله علیه وسلم ) رواة ابوداود،الترمزي،ابن ماجة.

هەروەها دەفەرموێت:( هەركەسێك بڕوات بۆ لاى فاڵچیەك جا پرسیارى شتێكى لێبكات ئەوە چل شەو نوێژى لێوەرناگیرێت ) رواه مسلم

* وە دەبێت نوێژەكانیش بكات و تەوبەش بكات لەسەر ئەو كارە .

١٥– شەفاعەت: هەندێ كەس مردوەكان دەكەنە تكاكارو دەڵێن خۆ ئێمە لەم مردوانە ناپاڕینەوەو نایانپەرستین، بەڵكو تەنها دەیانكەینە واسیتە لەنێوان خۆمان لەگەڵ خوادا، ئەمەش شیركە چونكە خواى گەورە لە بەندەكانى نزیكە و پێویستى بە واسیتە نییە.

لێرەدا خواى گەورە دەفەرموێت :(وَالَّذِیْنَ اتَّخَذُوْا مِنْ دُوْنِهِ أَوْلِیَاءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلاَّ لِیُقَرِّبُوْنَا إِلَى اللهِ زُلْفَى) سوره الزمر ٣

واتە :كەسانێ جگە لە (خوا) چەند پەرستڕا وێكیان بۆ خۆیان داناوە و دەڵێن تەنها لەبەر ئەوە دەیان پەرسین نزیكمان بكەنەوە خوا.

١٦– شیركى حاكمیەت (شیركى حوكم نەكردن بە قورئان):

كە بریتییە لەوەى ئەو سەرۆكە یان ئەو كەسەى حوكم بە قورئان نەكات .

خواى گەورە دەفەرمووێت:(وَمَنْ لَمْ یَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللّٰهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ) السورة المائدة اية ٤٤

واتە:هەركەس حوكم نەكات بەو بڕیارانەى خوا كە ناردویەتیە خوارەوە ئا ئەوانە بێباوەڕن و موسڵمان نین.

خواى گەورە دەفەرموێت:( فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا) النساء اية ٦٥ .

واتە :نەخێر وانیە کە خۆیان بە بڕوادارِیش نیشان دەدەن سوێند بە پەروەردگارت بڕوادار نین هەتا تۆ نەکەنە دادوەر لە هەر ئاژاوە و دوبەرەکیەکی نێوانیاندا لە پاشاندا هەست نەکەن لەدەروونیاندا بە هیچ بێزاریەك لەو بڕیارەی تۆدا و مل کەچ نەکەن بە ملکەچیەکی تەواو.

خوای گەورە دەفەرموێت: ( أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ آمَنُواْ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُواْ إِلَى الطَّاغُوتِ وَقَدْ أُمِرُواْ أَن يَكْفُرُواْ بِهِ وَيُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَن يُضِلَّهُمْ ضَلاَلاً بَعِيدًا(٦١) وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْاْ إِلَى مَا أَنزَلَ اللّهُ وَإِلَى الرَّسُولِ رَأَيْتَ الْمُنَافِقِينَ يَصُدُّونَ عَنكَ صُدُودًا ( ٦٢ ) ) السورة النساء اية ٦١ – ٦٢ .

واتە : ئایا ئاورێکت نەداوەتەوە بەلای ئەوانەی وا خۆ نیشان دەدەن کە بەراستی ئەوان باوەریان هێناوە بەوەی دابەزیوە بۆ تۆ(قورئان)و بەوەش کە پێش تۆ دابزیوە کە (تەورات)ە دەیانەوێت کە دادوەری ببەن بۆ لای یەکێك کە حوکم بە بەرنامەی خوا ناکات ( طاغوت )لە کاتێکدا بەراستی فەرمانیان پیکراوە کە کافر بن پێی وە شەیتان دەیەوێت گومرایان بکات بە گومراییەکی دوور لە راستی ئەگەر پێیان بوترێت وەرن بۆلای ئەوەی خوا ناردویەتیە خوارەوە بۆ لای پێغەمبەر (صلى الله علیە وسلم ) دەبینن ئەی محمد (صلى الله علیە وسلم ) دووروەکان ڕووت لێوەردەگێڕن بە وەرگێڕانێکی تەواو )

هەڵوەشینەرەوەی دووەم/ (هەرکەسێك لە نێوان خۆی وخوای گەورەدا نێوەندێك (واسیتەیەك) دابنێت وهاواری بۆ بەات و داوای شەفاعەتی لێبکات، وە بیەوێت لەڕێگەی ئەو واسیتەیەوە بگاتە خوای گەورە ئەوە دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی (لا الە الا اللە) )

چونکە خوای گەورە پێویستی بە هیچ واسیتەیەك نی یە تا بیگەیەنیّ و زۆر لێمانەوە نزیکە، موشریکەکانی (مەککە) دەیانوت ئەم بتانە لە خوای گەورەمان نزیك دەکەنەوە.

خوای گەورە دەفەرموێت :(وَالَّذِيْنَ اتَّخَذُوْا مِنْ دُوْنِهِ أَوْلِيَاءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلاَّ لِيُقَرِّبُوْنَا إِلَى اللهِ زُلْفَى إِنَّ اللهَ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ فِيْ مَا هُمْ فِيْهِ يَخْتَلِفُوْنَ إِنَّ اللهَ لاَ يَهْدِيْ مَنْ هُوَ كَاذِبٌ كَفَّارٌ) سوره الزمر ایه ٣

واتە :کەسانێك جگە لەو (خوا) چەند پەرستراوێکیان بۆ خۆیان داناوە و دەڵێن: تەنها لەبەرئەوە دەیانپەرستین نزیکمان بکەنەوە لە خوا بێگومان خوا بڕیار دەدات لەنێوانیاندا لەو شتانەی ئەوان تیایدا جیاواز بوون بەڕاستی خوا ڕێنمونی کەسیّ ناکات کە درۆزنی زۆر بێباوەرە .

ئەو موشریکانە ئەو بتانەیان کردبوو بە شەفاعەت کار لەلای خوای گەورە ئەم بتانەیان کردبوو بە (واسیتە) نێوەندێك لەنێوان خۆیان و خوای گەورەدا دەبینین خوای گەورە لە کۆتای ئایەتەکەدا بە( درۆزنی کافر )وەسفیان دەکات .

لە ئەمڕۆشدا دەبینین لە زۆر شوێندا پیاوچاکانی مردوو، دەکەن بە واسیتە لە نێوان خۆیان و خوای گەورەدا،وەك دەڵێن(شێخ فلان....هاوا ر بۆلای تۆ و تۆیش بۆلای خوا) وتنی ئەم شتانە هۆکارێکە بۆ هەڵوەشاندنەوەی (لا الەالا الله) .

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت : ( وَيَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنْفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَٰؤُلَاءِ شُفَعَاؤُنَا عِنْدَ اللَّهِ ) سورە یونس ١٨

واتە : ئەوانە جگە لە خوا شتانێك دەپەرستن کە نە زیانیان پێدەگەیەنن نە سود و قازانج وە دەڵێن ئەو بتانە تکاکارمانن لای خوای گەورە.

لەمەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە هیچ واسیتەیەك دروستنییە بۆ ئەوەی پێی بگەین بە خوای گەورە ( بەڵام وتنی ئەی خوایە بەناوە جوانەکانت و سیفەتە بەرزەکانت،خوایە لەبەر خاتری ڕەحمانی خۆت ڕەحمان پیێ بکە........ ئەمانە دروستن) .

## هەڵوەشاندنەوەی شوبهەیەك

هەندێ کەس دەڵێن تەوەسول دروستە بە بەڵگەی ئەوەی عومەری کوڕی خەتاب (خوای لیێ ڕازی بێت) لە ساڵی بێبارانیدا تەوەسولیکرد بە عباسی مامی پێغەمبەر کەواتە تەوسول دروستە !!!

ئێمەش بەم شێوەیە ڕەدیان دەدەینەوەو دەڵێین : سبحان الله چۆن لەم بابەتە تێگەشتون ئیمامی عومەر تەوەسولی بە پاڕانەوەکەی (عباس)ی مامی پێغەمبەر کرد (صلی الله علیه وسلم) نەوەك تەوەسولی بە (عباس)کردبێت!!! بەڵێ تەوەسولی بە پاڕانەوەکەی (عباس) کرد فەرمووی :هەستە بپاڕێوە ، داوای پاڕانەوەش لە پیاو چاکان کارێکی ڕەوایە، وە پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) بە عومەری فەرموو کاتێك دەرچوو بۆ عەمرە ( لا تنسنا یا أخی من صالح دعائك) أخرجة أحمد والترمزی .

واتە: (ئەی برا لە دوعا و پاڕانەوە چاکەکانت لە بیرمان نەکەیت).

داواکردن لە زیندوان بۆ پاڕانەوە دروستە بە بەڵگەی فەرمودەکەی پێشوو بەڵام مردو دوعای هیچ شتێکی لێناکرێت چونکە کاتێك عومەر بە عەباسی فەرموو هەستە بپارێوەوە.

جا ئەگەر پاڕانەوە لە مردوش دروست بوایە عومەر یەکەم کەس پیرۆزتر بێت لای پێغەمبەرە و لە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەپاڕایەوە وە ئەگەر تەوەسولکردن لەبەر ڕێزی عەباس بوویێت ئەوا پێغەمبەری خوا لە هەموو کەس

بەڕێزترە چونكە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم )هەر بەڕێزە و بە مردنیشی پلە و پایەی لە دەست نەدابوو نە لە دونیا و نە لای خواش وە هاوەڵانیش لە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) نەپاڕانەوە بەڵكو بە عەباسیان ووت دوعامان بۆ بكە .

یان دەڵێن ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموویێت :( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَابْتَغُوا إِلَيْهِ الْوَسِيلَةَ وَجَاهِدُوا فِي سَبِيلِهِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ) سورة المائدة اية ٣٥

واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە لە خوا بترسن بگەڕێن بە دوای هەموو هۆكارێكدا كەنزیكتان بكاتەوە لە خوا، وە تێكۆشن و خەبات بكەن لەڕێگەی خوادا بە ئومێدی ڕزگاربوونتان.

دەڵێن خوای گەورە دەفەرموێت وەسیلە بەكاربێنن.

هەڵوەشاندنەوەی ئەم شوبهەیەش ئەوەیە : (وەسیلە )بریتیە لە پەرستنی خوای گەورە بە ئەنجامدانی فەرمانەكانی دووركەوتنەوە لە قەدەغەكراوەكانی.

وە لێكۆڵەرەوەكانی قورئان (موفەسیرەكان) ئەو پێشەوا بەڕیزانە ( الوسیلە )ـیان بە گوێرایەڵی خوای گەورە و نزیك بوونەوە لێی بە ئەنجامدانیی پەرستشەكان وعیبادەتەكان لێكداوەتەوە .

**هەڵوەشێنەرەوەی سێیەم / هەركەسێك هاوبەشدانەران و بێباوەڕان (موشریك و كافرەكان) بە كافر نەزانێت و گومانی لە كافربوونیان هەبێت ڕێبازەكەیان بە ڕاست بزانێت كافرە .**

ئێمەی موسڵمان دەبێت ئەوەی غەیری ڕێگەی موسڵمانان دەگرێتەبەر بەبێ هیچ گومانێك و هیچ دوودڵییەك ئەو ڕێگانە بە ڕێگەی كافر و موشریكەكان بزانین، بەداخەوە لەم سەردەمەی ئێمەدا نەوەك هەر بەڕێگەیەكی كوفری و بێباوەڕیشی نازانن بەڵكو شوێن ئەو ڕێگانە دەكەون، خەڵكانێكی بەناو موسڵمان شوێنی ئەو ڕگایانە دەكەون وەك ( عەلمانیەت و شوعیەت ودیموكراسی و سۆشیالیستی) واجبە و فەرزە لەسەر هەموو موسلمانێك وەك چۆن نوێژ دەكات ئاواش ئەو ڕێگایانە بە كوفر بزانێت بەڵام بەداخەوە بەناو موسڵمانەكان خۆیان لەسەر ئەم ڕێبازە كافرانە دەدەن بە كوشت و ئیشی بۆ دەكەن و دەنگی پێدەدەن نازانن ئەم كارانەیان كوفرە، پێویستە تەوبەی لەسەر بكەن .

خوای گەورە دەفەرموێت :( لَقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ هُوَ الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ) سوره المائده ايه ٧٢

واتە: سوێند بەخوا بەڕاستی بێباوەڕبوون ئەوانەی كەوتیان: خوا هەر مەسیحی كوڕی مەریەمە.

ئەم ئایەتە ئەوە دەگەیەنێت، ئەوانەی ئەم قسانە دەکەن کەدەڵێن : عیسا کوڕی خوایە ئەوە بەم قسەیان شەریکیان بۆ خوا بڕیارداوە ،خوای گەورە دەفەرموێت: بێگومان کافربوون(جا هەرکەس ڕەدو بەرپەرچی ئەوە بداتەوە ئەوە بەرپەرچی قورئانی داوەتەوە، هەر کەسیش بەر پەرچی قورئان بداتەوە ئەوە بێگومان کافر دەبێت).

هەروەها خوای گەورە دە فەرموێت: ( لَقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ ثَالِثُ ثَلَاثَةٍ ) سورة. المائدة. اية ٧٣.

واتە: (سوێند بەخوا بەڕاستی بێبڕوابون ئەوانەی کە وتیان خوا سیانە) کە بریتییە لە پەروەردگارو عیسا و خودا.

پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم )دەفەر موێت: (لايسمع بي يهودي ولانصراني ثم لايؤمن بالذي جئت به الا دخل النار) اخرجه مسلم .

واتە: (هیچ گاورو جولەکەیەك نییە گوێی لەمن بێت (واتە ئاینی منی پێبگات) پاشان باوەڕ نەهێنێ بەوەی کە هێناومە، بێگومان دەچێتە ئاگرەوە).

جا لە ڕوانگەی ئایەتەکان و فەرمودەکان ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت واجبە (فەرز) بەوانەی کە لە دەرەوەی ئیسلامن پێیان بلێین کافرو وەنابێت هیچ گومانیشمان هەبێت لە کافربونیان ئەگەر بەکافریان نەزانین و گومانمان هەبێت لە کافربونیان ئەوا پەنا بەخوا خۆمان کافر دەبین.

هەڵوەشێنەوەی چوارەم/ ( هەرکەس باوەڕی وابێت کە هەر ئاینێك و بەر نامەیەکی تر لە ڕێبازی پێغ مبەر (صلی الله علیه وسلم) باشترو یان حوکمی گاغوتەکان لە حوکمی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) باشترە ئەوە کافرە)

واتە : هەرکەسێك هەر بەرنامەو ڕێبازێکی تر بەباشتر بزانێت یان بلێت وەیەك وان، بۆنمونەبلێت دیموکراسی و ئیسلام ) وەك یەك وان یان بلێت هەندێك شتی عیلمانی لەدینی ئیسلام بارە ئەوا بەم قسانە کافر دەبێت و لەئیسلام دەچێتە دەرەوە.

خوای گەورە دەفەرموێت (أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ آمَنُوا بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنْزِلَ مِنْ قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَنْ يَتَحَاكَمُوا إِلَى الطَّاغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوا أَنْ يَكْفُرُوا بِهِ وَيُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَنْ يُضِلَّهُمْ ضَلَالًا بَعِيدًا (٦٠) وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا إِلَى مَا أَنْزَلَ اللَّهُ وَإِلَى الرَّسُولِ رَأَيْتَ الْمُنَافِقِينَ يَصُدُّونَ عَنْكَ صُدُودًا) سورة. النساء/ اية ٦٠-٦١ .

واتە:( ئایا ئاوڕێکت نەداوەتەوە بەلای ئەوانەی وا خۆنیشان دەدەن کەبەڕاستی ئەوان باوەڕیان هێناوە بەوەی دابەزیوەبۆ تۆ قورئان و بەوەش کەپێشتۆ دابەزیوە کەتەوراتە دەیاننەوێت کەدادوەری ببەن بۆلای یەکێك کە حوکم بەبەرنامەی خواناکات ، طاغوت لەکاتێکدا بەڕاستی فەرمانیان پێکراوە کەکافربن ، وەشەیتان دەیەوێت کەگومرایان

بكات، به گومڕایان بكان به گومڕییەكی دوور لە ڕاستی، ئەگەر پێیان بوتێت ورن بۆلای ئەوەی خواناردویەتییه خوارەوە بۆلای پێغەمبەر( صلی الله علیه وسلم )دەبینی ئەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم )دوڕووەكان ڕوت لێوەردەگێڕن بەوەرگێڕانێكی تەواو) .

لەئایەتێكی تری خوای گەورە دەفەرموێت: (وَاَن احكم بينهم بيما اَنزل اللّٰهُ) سورة. المائيدة/ اية ٤٩

واته : ( حوكم بكە لەنێوانیاندا بەوەی كەخوا ناردوویەتییە خوارەوە.)

وه پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت: (ان خير الكلام الله وخير الهدي هدى محمد) اخرجه مسلم .

واته: (باشترین ووتەو قسە، ووتەو قسەی خوایە، وەباشترین ڕێنمونی ڕێنمونی پێغەمبەرە (صلی الله علیه وسلم))

هەڵوەشێنەرەوەی پێنجەم/(هەركەسێك شتێكی پێناخۆشیٚ لەوەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) هێناویەتی باكردەوەشی پێبكات ئەوە كافر دەبێت)

واته: " هەركەسێك ڕقی لەحوكمێك بێت لەئیسلامدا یان بلێت من ئیسلامم قبوڵە بەڵام حەز لەم حوكمەی ناكەم یان بۆ ئێستە ناشێت ئەوە بێباوەڕ دەبێت چونكە بڕیاری خوای ڕەت كردۆتەوە."

خوای گەورە دەفەرموێت :(والذين كفروا فتعسا لهم واَضل اَعمالهم (٨) ذلك بِاَنهم كرهو مآنزل الله فاَحبط اَعمالهم) سورة. محمد / اية ٩-٨ .

واته: " ئەوانەش كەبێباوەڕبوون، ئەوا نەگبەتی و سەر شۆڕی بەشیانە وەخوا كردەوەكانیان بێمایەدەكات ئەو تۆڵەیان لەبەر ئەوەیە كەبێگومان ئەوتنە ڕقیان لەو قورئانە بوو، كەخوا ناردویەتی بۆیە خواش كردەوەكانیانی پوچ كردەوە".

واته : ڕق لێبون لە هەر شتێك لەو پەیامەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)هێناویەتی بەڵگەیە لەسە هەڵگەڕانەوە لەئیسلام و بەتاڵبونەوەی كردەوەكان.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: (وَمَا آتاكُم الرسولَ فَخذوه وما نهاكم عنه فانتهوا واتقوا الله اِن الله شديد العيقاب ) سورة الحشر اية ٧ .

واته: ( ئەوەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) پێی داون وەری بگرن ئەوەی لێتانی قەدەغەكرد وازی لیٚ بهێنن لە خوابترسن، بێگومان خوای گەورە سزای سەختە.)

ئەوانەی ڕقیان لەوەیە خوا دای بەزاندووە دووبەشن:

دەستەی یەکەم / ئەوانەن کەهەر لەبنەڕتدا بێباوەڕن .

دەستەی دووەم/ ئەوانەی بانگەشەی موسوڵمان بوون ئیسلام بوونی خۆیان دەکەن ئەمانەش دووڕون (موناڤق)ەکانن.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت ( ذَلِكَ بِأَنَّهُمُ اتَّبَعُوا مَا أَسْخَطَ اللَّهَ وَكَرِهُوا رِضْوَانَهُ فَأَحْبَطَ أَعْمَالَهُمْ ) سورة محمد / اية ٢٨.

واتە: ( ئەو تۆڵەشیان لە بەر ئەوەیە کەبێگومان ئەوانە شوێن شتانێك کەوتبون کەخوای تورە کردبوو، ڕەزامەندی خۆشیان پێناخۆشبوو، بۆیە خواش کردەوەکانیانی پوچەڵکردەوە.)

هەندێکەسی تر هەیە دەڵێت: ئیسلام مافی بەئیسلام نەداوە یان لەئیسلامدا ئازادی تاکەکەس نییە، ئەوە بەم قسانەی هێرش دەکاتە سەر ئیسلام و ڕازی نیە بە ئیسلام ئەوەش باوەڕی نەبێت بەئیسلام بێباوەڕە.

کافرەکان ئەم جۆرە قسانەدەکەن بەگوێی موسوڵماناندا بۆئەوەی هیچنەبێت گومان لای موسوڵمانان دروستبکەن ، بەڵام ئێمەی موسوڵمانانیش بۆ ئەوەی ئیسلامەتی و ئیمانەکەمان سەلامەت بێت لە کافربوون ، هەروەك چۆن خوای گەورە باسی قسەی ئیمانداران دەکات و دەفەرموێت (سميعنا واگيعنا) واتە (بیستمان و گوێڕایەڵبوین).

**هەڵوەشێنەرەوەی شەشەم/ ( هەرکەس گاڵتەبکات بە خوای گەورەو پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و ئیسلام و قورئان، گاڵتەبکاتن بەوەی کەلە لەقورئان و سونتدا هاتووە ئەوەبێباوەڕدەبێت ) .**

خوای گەورە دە فەرموێت ( وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ قُلْ أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنْتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ (٦٥) لَا تَعْتَذِرُوا قَدْ كَفَرْتُمْ بَعْدَ إِيمَانِكُمْ إِنْ نَعْفُ عَنْ طَائِفَةٍ مِنْكُمْ نُعَذِّبْ طَائِفَةً بِأَنَّهُمْ كَانُوا مُجْرِمِينَ )

واتە: ( سوێندبێت ئەگەر پرسیاریان لێبکەیت بەڕاستی دەڵێن دڵنیابن ئێمە هەر دەمەتەقێ و گاڵتە دەکەین تۆش بڵێ : ئایا بەخواو ئایەتەکان و پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کەی ئێوە لقرتێتان دکرد؟ بەهانەو عوزر مەهێنەرەوە بەڕاستی ئێوە بێبڕوابونەوە، پاش باوەڕهێنانتان ئەگەر ببورین و چاو پۆشی بکەین لەکۆمەڵ و تاقمێکتان (بەهۆی گۆڕانتانەوە)سزای کۆمەڵ و تاقمێکی تر دودوین لەبەر ئەوی بێگومان ئەوانە تاوانبارن)

هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە ئەوەبووکە ( ئیبن ئەبی حاتم) گێڕاویەتییەوە کە عبد الله ی کوری عومەر دەفەرموێت ( پیاوێك لەکاتی غەزای تەبوکدا ڕۆژێك لەناو کۆمەڵێکدا وتی: وێنەی ئەم قورئان خوێنانەی خۆمانم نەدیوە نەلە زۆر خۆری و ورگ تێرکردندا و نە درۆزنی و نە لە ترسنۆکیدا لەکاتی ڕوبەڕوبونەوەدا پیاوێك لەناو کۆمەڵێکدا وتی: درۆتکرد بەڵکو تۆ دووڕویت سوێند بێت ئەم قسەیەت دەگەینمە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)

پاشان قورئان هاتە خوارەوە، عبدالله ی کوری عومەر (رضي الله عنه ) دەڵێت: بینیم ئەو پیاوە خۆی هەڵواسی بو بە قایشی حوشرەکەی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) ڕادەکێشاو بەرد دەیدا بەقاچەکانیدا، لەو کاتەدا دەیوت ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)

(ئێمە گاڵتەمان دەکردو بەڕاستمان نەبوو پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) (دەیفەرموو: (بالله والله كنتم تستهزئون)

کەواتە کەسێك گاڵتە بکات بەو ( خوای گەورە و پێغەمبەران و قورئان و ئیسلام )) بەئیشارە بێت یان بە قسە ئەوا کوفرەو خاوەنەکەی پێی کافر دەبێت، نییەت دڵیش حیساب ناکرێت .چونکە خوای گەورە نەی فەرموو نییەتیان گاڵتە کردن بووو. تەنها لەبە قسەکانیان بوو .

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: (وَإِنْ نَكَثُوا أَيْمَانَهُمْ مِنْ بَعْدِ عَهْدِهِمْ وَطَعَنُوا فِي دِينِكُمْ فَقَاتِلُوا أَئِمَّةَ الْكُفْرِ إِنَّهُمْ لَا أَيْمَانَ لَهُمْ لَعَلَّهُمْ يَنْتَهُونَ) سورة. التوبة/ ١٢

واتە:( ئەگەر سوێندو پەیمانەکەیان هەڵوەشاندەوە پاش بەستنی پەیمانەکەیان تەشرو تانەیاندا لەئاینەکەتا ن ئەو بجەنگێن لە دژی پێشەوایاتنی بێباوەڕیدا بەڕاستی ئەوانە هیچ جۆرە پەیمانێکیان نییە. بەڵکو کۆتای پێبێنن، بەبێباوەڕی.

ئیبن تیمیە ( رحمە الله) لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفرموێت: ئەو کەسەی دین لەکەدار بکات خوای گەورە ناوی بردووە بەئیمانی کوفر چونکە تانەو تەشەری لەدین داوە، جائەوە بۆهەرکەسێك کەدین لەکەدار بکات ، ئیمانی کوفرە ، هەروەها دەفەومێت ئەوەی جنێو بدات بە خودا یان بە دین یان پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم )ئەوا کوفری ئاشکرا کردووە.

خوای گەورە دەفەرموێت (وَقَدْ نَزَّلَ عَلَيْكُمْ فِي الْكِتَابِ أَنْ إِذَا سَمِعْتُمْ آيَاتِ اللَّهِ يُكْفَرُ بِهَا وَيُسْتَهْزَأُ بِهَا فَلَا تَقْعُدُوا مَعَهُمْ حَتَّى يَخُوضُوا فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِ إِنَّكُمْ إِذًا مِثْلُهُمْ إِنَّ اللَّهَ جَامِعُ الْمُنَافِقِينَ وَالْكَافِرِينَ فِي جَهَنَّمَ جَمِيعًا ) سورة. النساء– ١٤٠

واتە:( بێ گومانی خوا ناردویەتییە خوارەو بۆتان لە قورئاندا هەرکاتێك بیستان ئایەتەکانی خودا بێبڕوای دەربارەیان دەکرێت و گاڵتەیان پێدەکرێت ئەوە دامەنیشن لەگەڵیاندا، تادەچنە ناو باسێکی ترەوە (وە باسەکە دەگۆڕن) بێگومان ئەگەر دانیشتن لەگەڵیاندا ( هاوبەشیان بکەن ئەوە ئێوە وەکو ئەوانن بەڕاستی خوا کۆکەرەوەی  مونافیقانو کافرانە بە تێکرا لە دۆزەخدا).

شێخ سلێمان الشیخ (رحمە الله) دەفەرموێت: ( واتای ڕوکەشی ئایەتەکە) ئەگەر کەسێك گوێی لێبێت کوفربکەن و گاڵتە بەخوابکەن ئەویش لەو شوێنەدا دابنیشێت بەبێ زۆرکردن و وەڵام دانەوەیان ( زۆری لێنەکرێت بۆ کوفر و

وەلامی کوفر نەداتەوە) یان هەڵنەستی تاوەکو باسەکە دەوگۆڕن ئەوا کافر دەبێت ئەگەر چی وەکو ئەوانیش کوفر نەکات چونکە ئەوە ڕازی بونە بەکوفر، وەڕازیبونیش بەکوفر کوفرە.

هەروەها قاعیدەکەش دەڵێت ( الرضى بالكفر كفر ) واتە ڕازی بوون بەکوفر کوفرە.

کەواتە دەبێت ئەم خالانە بزانین:

یەکەم/ واجبە ڕێزو گەورەی تەواو بۆ خوا دابنرێ.

دووەم/ ڕێزی تەواو دابنێین بۆ پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) واجبە ڕێزی تەواو لەسونەتەکانی بگرن.

سێیەم/ پێویستە ڕێزی گەورە بۆقورئان دابنێین تاوەکو بەگەورەی لەناو کۆمەڵگەی موسولمانانماندا بمێنێتەوە.

چوارەم/ واجبە ڕێزی تەواو لەئاینی ئیسلام بگرین و هەمیشە خۆشەویستی هەبێت لەلامان.

پێنجەم/ واجبە ڕێزی هاوەلان بەتایبەت ڕێزیان لێبگرین و ڕێزیش لەزانایانیو موسولمانان بەگشتی ڕێزیان لێبگرین.

**هەڵوەشێنەرەوەی حەوتەم/ ( سیحر و جادوگەری بڕواکردن بەسیحرەکەیان و بەڕاست خستنەوەیان)**

خوای گەورە دەفەرموێت: (ولكن الشياطين كفروا يعلمون الناس السحر) سورە. البقرە/ ایە ١٠٢.

واتە( سولەیمان بێبڕوانەبوو بەلام شەیتانەکان بێبڕوا بوون ، خەڵکیان فێری جادو دەکرد ).

هەروەها خوای گەورە دە فەرمویێت: ( وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّى يَقُولَا إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلَا تَكْفُرْ ) س. البقرە/ ایە ١٠٢

واتە کەسیان فێر نەدەکرد تاپێیان نەوتایا ئێمە هەر تاقیکەرەوەی ئادەمیزادین، کەواتە بێبڕوامەبە.

- وە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەفەموێت : (هەرکەسێك بڕوات بۆلای فاڵچییەك جاباوەڕ بەوەبکات کە دەیلێت ، ئەوە کوفری کردووە بەوەی ادا بەزیوە بۆ محمد (صلی الله علیه وسلم)) رواە احمد، ابو داود، ترمژی و ابن الماجە.

لە فەرمو دەیەکی تردا دەفەرموێت (صلی الله علیه وسلم) : هەرکەس بڕوات بۆلای فاڵچییەك جاپرسیاری شتێکی لێبکات ئەوە چل شەو نوێژی لیوەر ناگیرێت. رواە مسلم.

جادوو لـەشەرعدا دەبێت بە دوو بەشەوە:

یەكەم/ جادوى ڕاستەقینە.

دووەم/ جادوى خەیاڵى.

جادوى ڕاستەقینە/ بریتییە لـەكارێك كە كاریگەرى لـەسەر لاشەكان یان دڵەكان دروست دەكات.

جا دوى خەیاڵى/ كاریگەرى لـەسەر چاوەكان (بینینەكان) دەكات ، وەك چەواشە كارییە كانى فیرعەون لـەگەڵ موسادا (علیەالسلام).

پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) دەفەرموێت: (حد الساحر ضربة بالسیف) خرجە الترمزى وگبرانى والدارقگنى والحاكم .

واتە :سزاى جادوگەر كوشتنیەتى بەشمشێر.

هاوەڵەڵان كاریان بەوە كردووە و جادوگەریان كوشتووە. عومەرى كوڕى خطاب (ڕەزاى خواى لێبێت) نامەى نوسى بۆ والییەكان كەهەمو جادوگەرێك لـەژن وپیاو بكوژن. خرجە احمد ، ابوداود واسنادە حسن.

ابن قودامە (ڕەحمەتى خواى لێبێت) ڕەحمەتى خواى لێبێت دە فەرموێت ( سزاى شەرعى جادوگەر كوشتنە. ئەمە لـە (عومەرو عثمان و ابن عمر و حەفصە و جندوبى كوڕى عبدالله و قەیسى كوڕى سعد و عمرى كورى عبدالعزیز )ەوە گێڕاوەتەوە ، وەئەمە وتەى ابو حەنیفەو مالك )ە.

- ❖ كەواتە : سیحرو جادو و كوفرو بێباوەڕییە، فێربون و كارپێكردنى و ڕازیبون پێى و هەموو ئەو شتانەوە پێویستە ڕێگرى بكرێت لـەم كوفرەو كۆمەڵگەى لـێ پاكبكرێتەوە.

هەڵوەشێنەرەوەى هەشتەم/ (پشتگیریكردنو یارمەتیدانى كافرەكان دژى موسوڵمانان بەشێوەیەك ئەگەرهاتوو چەند كەسێكى موسوڵمان بچن پشتگیرى و یارمەتى كافرەكان بدەن لـەدژى موسوڵمانان و سەرخستنى كافرەكان ).

خواى گەورە دەفەرموێت: ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى أَوْلِيَاءَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ مِنْكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ ) س. المائدە –٥١.

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە جولەکەو گاور مەکەن بە پشتیوان و خۆشەویستی خۆتان ئەوانە هەندێکیان دۆستی یەکترن و ئەوەتان ئەوان بکات بە پشتیوان و دۆست ئەوە بەڕاستی ئەوکەسە لەوانە، بێگومان خواهیدایەتی گەلی ستەمکاران نادات.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت( لَا يَتَّخِذِ الْمُؤْمِنُونَ الْكَافِرِينَ أَوْلِيَاءَ مِنْ دُونِ الْمُؤْمِنِينَ وَمَنْ يَفْعَلْ ذَٰلِكَ فَلَيْسَ مِنَ اللَّهِ فِي شَيْءٍ إِلَّا أَنْ تَتَّقُوا مِنْهُمْ تُقَاةً وَيُحَذِّرُكُمُ اللَّهُ نَفْسَهُ وَإِلَى اللَّهِ الْمَصِيرُ)سورة/ ال عمران/ ٢٨١

واتە: نابێ باوەڕداران بێباوەڕان بکەن بەدۆستی خۆیان لەجیاتی بڕواداران، هەرکەسێك وابکات ئیتر پەیوەستی لەگەڵ خوادا نامێنێت.

لەدوای ئەوە دەفەرموێت: (إِلَّا أَنْ تَتَّقُوا مِنْهُمْ تُقَاةً)

واتە (مەگەر بۆخۆ پاراستن بێت ).

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت :( يا أيها الذين آمنوا إن تطيعوا فريقا من الذين أوتوا الكتاب يردوكم بعد إيمانكم كافرين ) سورة ال عمران ١٠٠ .

واتە: (ئەی ئەو کەسانەی کەبڕواتان هێناوە ئەگەر ئێوە گوێڕایەڵی دەستەیەك بن لەوانەی نامەیان پێ دراوە دەتانکەنەوە بەکافر دوای بڕواهێنانەکەتان)

جا پشتگیری کافران دژی موسوڵمانان چەند بەشێکە:

١) پشتگیری کردن و یارمەتی دانیان دژی موسوڵمانان لەگەڵ خۆشەویستی ئەوەی لەسەرین، لەبێباوەڕی و شیرك و گومڕای.
٢) یارمەتی دانی کافران دژی موسوڵمانان بەویستی خۆی نا بەڵکو زۆری لێدەکەن لەو کارەدا وەك ئەوەی هەندێك موسوڵمانان بەشداری شەڕی (بەدر ) یان کرد دژی موسوڵمانان، بەویستی خۆیان نەبوو، ئەمو زۆر ترسناکە و هەڕەشەی خوای لەسەرە.
٣) یارمەتیدانی بێ باوەڕان دژی موسوڵمانان بەویستی خۆی ئەوە ئەوە ترسی کافری لێدەکرێت.
٤) دۆستایەتی و هاورێیەتی کافران بکات و خۆشەویستیان بەبێئەوەی یارمەتیان بدات دژی موسوڵمانان ئەمەشیان کارێکی گەورەو حەرامە.
٥) ئاشکراکردنی شوێنی موسوڵمانان و ئاسانکاری بۆ کاران.

٦) هاوكاریكردنیان بۆ بۆدایركردنی ولآت و خاكی ئیسلام و موسڵمانان.

لەكۆتایدا خوای گەورە لەهاوڕێیەتی و یارمەتی و پشتگیری و سەرسەختی كافران بمان پارێزێت.

هەڵوەشێنەرەوەی نۆیەم/ ( هەركەسێك بڕوای وابێت هەندێك خەڵك بۆیان هەیە بچنە دەرەوە لەشەریعەتی محمد (صلى الله عليه وسلم) هەروەك چۆن (خضر) بۆی هەبوو لەشەریعەتی موسا (عليه السلام ) دەرچێت ئەوا ئەوكەسە كافرە)

هەركەسێك ڕازی بوو بە ئیسلام بەهیچ شێوەیەك بۆی دروست نییە بەڕەوای بزانێت بچێتە دەر لەشەریعەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هەندێك كەس هەن بەڕەوای دەزانن لەئیسلام بچنەدەرەوە بۆنێو ئاینی دیموكراتی چونكە هەمو دینێك لەچەند یاساو ڕێسایەك پێكهاتووە وەدیموكراتیش یەكێكە لەو ئاینە تازانە وەك زانایان كتێبیشیان لەسەر نوسیوە.

خوایگەورە دەفەرموێت: (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا كَافَّةً لِلنَّاسِ بَشِيرًا وَنَذِيرًا وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ) سورة. سباء–٢٨

واتە: (ئێمە هەربۆیە تۆمان نارد ئەی محمد (صلى الله عليه وسلم) كەبۆ تەواوی خەڵكانی جیهان بێت موژدەدەرو ترسێنەر).

كەواتە خوای گەورە پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) بۆ هەمو جیهان ناردبیٚ ، بێەوەی بۆ هیچ كەسێك نییە لەشارێگەی ئەو لابدات. ئەوەی لابدات ئەوە لەدینەكەی لای داوە و وازی لیٚ هێناوە .

لەبارەی (خضر) یشەوە زانایان دوو بۆچونیان هەیە:

بۆچونی یەكەم/ (خضر) ( پێغەمبەرەلەبەر ئەوە ی ئەو موعجیزانەی كەئەو هەیبووە بۆ پێغەمبەر نەبێت بۆ كەسیتر ڕونادات.

بۆچونی دووەم/ دۆستێكە لەدۆستانی خوا و ئەوشتانەی كەزانیویەتی و لەسەر دەستی ئەو ڕویان داوە، ئەوە كەرامات بووە موعجیزە نین.

ئایا (خضر) ماوە (زیندووە) یان (مردوە) نا ؟

ئەوەی بەڵگەی ڕاست و دروستە ئەوەیە كە (خچر) مردووە. چونكە خوای گەورە دەفەرموێت: (وَمَا جَعَلْنَا لِبَشَرٍ مِنْ قَبْلِكَ الْخُلْدَ أَفَإِنْ مِتَّ فَهُمُ الْخَالِدُونَ) سورة. الاءنبياء –٣٤

واتە: ( ئێمە لەپێش تۆدا وامان نەکرد مرۆڤێك نەمردبێت ئایا ئەگەر تۆبمریت ئەوانە ژیانی هەتاهەتای دەبیٚ ؟ نەخێر هەرگیز شتی وانابێت.).

هەروەها دەفەرموێت ( کل من علیها فان ) سورة الرحمن / ایة٢٦ .

واتە: ( هەرچی لەپشتی زەویدا هەیە هەرهەموی لەناودەچێت ).

کەواتە لەمەوە ئەوەمان بۆدەردەکەوێت کە (خضر) زیندوو نییە و مردووە خۆ ئەگەر ئەوکەسانەش دەڵێن زیندووە ئەوە دەبێت بەڵگەی ڕاست بهێنن.

هەروەها بۆیە حەزرەتی لەشەریعەتی موسا لای داوە لەبەرئەوەی شەریعەتی موسا (علیە السلام) گشتگیر نەبووە تایبەت بووە بەنەوەکانی یەعقوب (علیە السلام) وەشەریعەتی پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم ) بۆهەمو جیهانە.

وە پێغەمبەر (صلى الله علیە وسلم) دەفەرموێت: ( كان الناس يبعث الي قومه خاصة و بعثت الي الناس كافة) اخرجة البخاري و مسلم.

واتە: ( هەرچی پێغەمبەر هەیە نێردراوە بۆلای گەلەکەی خۆی بەتایبەتی، بەڵام من نێردراوم بۆهەمو خەڵکی بەگشتی.)

هەروەها دەفەرموێت (صلى الله علیە وسلم): ( لايسمع بي يهودي ولا نصراني ثم لا يومن بي وبالذي بي الا دخل النار ) اخرجە البخاري ومسلم .

واتە (هیچ کام لە جولەکەو گاور نییە بانگەوازی منی بیستبیٚ و پاشان باوەڕم پیٚ نەهێنێت کەهێناومە کە قورئانە ئەوا بەدڵنییەوە دەچێچە ناو ئاگری دۆزەخەوە).

کەواتە هەرکەسێك شوێن هەر شەریعەتێك بکەوێت واز لەشەریعەتی پێغەمبەر (صلى الله علیە وسلم) بهێنێت یان بۆی هەبێت لەشەریعەتی پێغەمبەر (صلى الله علیە وسلم ) لابدات ئەوا بیٚ باوە دەبێت.

**هەڵوەشێنەوەی دەیەم/ (پشت هەڵکردن لەئاین و بەرنامەی خوای گەورە بەشەوەیەك بیەوێت کەفێری نەبێت وکاری پێنەکات)**

زانایانی ئەهلی سونەت و جەماعەت لەپێناسەی ئیماندا دەفەرمون:(اعتقاد وقول و عمل) واتە ( ئیمان بریتییە لە گوفتار و گوفتەداردا یان، (بیرو باوەڕی دڵ و گوفتاری زمان و گوفتار و کردەوەی ئەندامەکانی لاشە) ئەگەر مرۆڤی موسوڵمان ئەمانەی نەبێت ئەوا بێ باوەڕدەبێت).

خوای گەورە دەفەرموێت: (وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنْ ذُكِّرَ بِآيَاتِ رَبِّهِ ثُمَّ أَعْرَضَ عَنْهَا إِنَّا مِنَ الْمُجْرِمِينَ مُنْتَقِمُونَ) سورة. السجدة/ ٢٢

واتە: ( کێ ستەمکارترە لەو کەسەی بە ئایەتەکانی پەروەردگاری ئامۆژگاری بکرێت دوای ئەوە ڕو وەرِ ئەگێرێت، بەڕاستی ئێمە تۆڵە سێنەرین لەستەمکاران. )

هەروەها خوای گەورە دە فەرموێت (وَالذين كفَروَا عَما انذروا مُعرِضُون) سورة الاحقاف/ ٣

واتە: ( ئەوانەی بڕوایان نەهێناوە ڕو وەر دەگێرِن لەوەی پێی ترسێنراون لە دروستکردنەوەیەکی نوێ بۆ پاداشت و جەزا).

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: (واذا قيل لهم تعالوا الي ما انزل الله والي الرسول رايت المنافيقين يصدون عنك صدودا ) سورة النساء /٦١

واتە:( ئەگەر پێیان بوترێت (بە مونافیقەکان) وەرن بۆلای ئەوەی خوای گەورە ناردویەتییە خوارەوە بۆلای پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەبینی ئەی محمد ( صلی الله علیه وسلم )دوڕووەکان ڕوت لێوەردەگێرِن بەوەرگێرِانێکی تەواو)) .

وە دەفەرموێت: ( ومن يعش عن ذكر الرحمن نقيض له الشيطانا فهو له قرين) سورة/ الزخرف/ ٣٦

واتە : ( هەرکەس لەئاست زیکری خوا ڕو وەرگێڕێ ئەوا ئێمەش شەیتانێکی بۆ دەسازێنین ، هەردەم هاورێی دەبێت و لێی جیا نابێتەوە.)

جا شارەزابونی دینی خواش ئەوە شتێکی گەورەیە خوای گەورە بەبەندەکانی دەبەخشێ، وەك (پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت: (من يرد الله به خيرا يفقه في الدين) اخرجه البخاري و مسلم من حديث معاوية بن ابي سفيان (رضي الله عنهما)

واتە(( ئەگەر خوا بیبەوێت خێر بەکەسێك بگەیەنێت لە دیندا شارەزای دەکات.))

لەکۆتایدا ئەمانەی باسمانکرد بە پێی بەڵگەکانی (قورئان و سونەت) وقسەی زانایان، ئەمانە مەرجەکان و هەڵوەشێنەرەوەکانی (لاالە الا الله) جێبەجێبکەین و دور بکەوینەوە لە هەڵوەشێنەوەکانی (لاالە الا الله) لەپێناوی ئەوەی ئیمان و ئیسلامەتییەکەمان سەلامەت بێت و بۆ ئەوەی بەموشریکی و کافری نەمرین، لەبەرامبەریشدا، بەفەزلی خوای گەورە هیوادارم خوای گەورە لە کەمو کورتییەکانمان خۆشبێت و بمان خاتە بەهەشتی نەبڕاوە وامین یارب العالمین.

وە هیواداریشم خوای گەورە لەخێری ئەم نامیلکەیە ئێمەو موسوڵمانان بێبەش نەکات، ئەگەر هەر شتێکمان وتبێت لەپێناو خوای گەورە ئەوە سوپاسی خۆی دەکەین، وە هەرشتێکمان لە پێناوی ئەودا نەوتبێت (استغفرالله)ی لێدەکەین.

والسلام علیکم ورحمه الله وبرکاته

بـــراتـــــــان:

کـــــەیـــــوان محمد هەورامی

هەڵەبجەی شەهید

٨جمادي الثاني ١٤٣٤هـ – بەرامبەر بە بەرواری ١٨/٤/ ٢٠١٣ م

## سەرچاوەکان


- پوختەی بیرو باوەڕو عەقیدە ................ م.طارق حسن هەمەوەندی.
- بیرو باوەڕی ئیسلام .................. م. هیمن عبد العزیز
- بیرو باوەڕی ئیسلام .................. شیخ محمد جمیل زینو وەرگیڕانی : انور كۆی
- پوختەی تەفسیری قورئان .................. م. مەلا محمد مەلا صالح بامۆكی
- هەڵوەشێنەرەوەكانی ئیسلام .................. شێخ محمد بن العبد الوهاب

وەرگێڕانی م: ئاكۆ جەلیل كریم (كۆخلانی)

- شروط (لااله الا الله) ................... شێخ ابو بصیر
- سەركەتنی ئەهلی ئیمان لە ئاشكرا كردنی كوفری تاغوتان .................. م عبدالله سالەیی
- شیرك ............................ مامۆستا حەمزە بەرزنجی
- چەندسەرچاوەیەكیتر